# خەج و سیامەند

پێشكێشه بەگیانی نەمردووی –برێخت–ی هونەرمەند كه وتوویەتی:
هەر گەلۆرێك بچێته سەر شانۆ، لە توانایدا هەیە بینەر بخاتە گریان، یان پێكەنین... بەڵام گرینگ ئەوەیە بتوانێ بینەر بكاتە خاوەنی هەڵوێست.

فوئاد

شانۆگەریی

# خەج و سیامەند

فوئاد مەجید میسری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فوئاد مەجید میسری
خەج و سیامەند
پێداچوونەوەی: عوسمان چێوار
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٣٣
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨٣ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: سەیران عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. کوردستان کەیفی

ژینك:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9933-487-03-4

# پێشەکی

شانۆ ڕێبوارێکی سەوداسەری هەمیشەی ڕاستییە، لە کێڵگە بەرینە سنوور نەزانراوەکانی جوانیی ئەم ژیان و جیهانە ورد دەبێتەوە و ڕاستیی دەچنێتەوە و دەسکەنەی دەکات و دەیخاتە سەر خەرمانی بەرچاوڕوونی ئاسوودەییی سبەینێ. هەوڵ دەدا و کۆڵنەدەرانە بەردەوامە بۆ زیاتر ئارایشتکردنی نەوبووکی ژیانی مرۆڤ.

پێوەندی و بوونی شانۆ لەگەڵ دەوروبەردا، پێوەندییەکی دیالێکتیکییە و مەحاڵە دوورەپەرێز و گۆشەگیر و سەربەخۆ بێت. شانۆ دەبێتەوە بە «وانە» و لە هەمان کاتدا بە مامۆستا.... خەندە، جوانی، کامەرانی، هەمووی دەکاتە سروودێکی ئەوتۆ ئەنجام لە ڕووبارە گەورەکەی ئازادیدا، یەك دەگرنەوە... دەبێتە گۆرانییەك هەموو گەرووییەکی لێهاتوو بە زوڵاڵی بیڵێنەوە... شۆڕشێکی مەزنە داوای کردنەوەی باڵی وشە ڕۆشنەکان دەکات تاوەکو سەربەست لە شەقەی باڵی فڕین بدەن بۆ گەیشتن بە ئاسۆ بڵندەکان.. کانیی خۆڕە چاوی نەوەی داهاتووی پێ دەشۆرێت. تاوەکو توانای ڕوانینیان تیژتر ببێت.

چرایەکە ناسنامەیەکی لە باخەڵدایە و پێمان دەڵێ: چ شەوگارێکی تاریکی ستەم فێری داگیرسانی کردووە.

وا چاکە لە کورتی بیبڕمەوە، نەکا یەکێك بڵێ: ئەم پێداهەڵدانەی لە چییە و دەڵێی بووەتە فەرهاد و لە پەرستگای خۆشەویستیی شیریندایە و دەستە و نزا لە پێش میحرابی خۆشەویستیدا بە چۆکدا هاتووە و تەزبیحات دەکات و ئەوەی دەیڵێت نایڵێتەوە! یا بووەتە سیامەندە کلۆڵەکە و کارەساتی ناکامی خۆی. ناچاری دەکات شەکراوی شیرینی خەج ببەشێتەوە.

گەلی دەبرادەران... منیش هەر ئەوەندە لە زارم دێتە دەر کە بڵێم: شانۆ دەبێت پێغەمبەرێکی ڕاستە پەیام بێت و ئەوانەی لەو سنوورەدا هەڵدەسوورێن، دەبێت موریدێکی ڕاستگۆ و لە خۆبوردوو بن، دەنا نەك فریان بەسەر هونەرمەندەوە نابێ بگرە شانۆیش بێبەریی دەکەن لە وەچەی هونەر، با بێینە سەر واقیعی ئەدەبیی ئیمڕۆمان: بڕوا بکەن هیچ پێم خۆش نییە، بە سکاڵا و زووخاوی خەم هەڵڕشتن دەست پێ بکەم... بەڵام دەسەڵاتیش نییە و مەسەلەکە لێپرسینەوەی گەورەی لە دوایە... چونکە ئەوەی پەنجەی قەڵەم دەگرێ دەبێت خۆی بپارێزی لە لێزمەی لێپرسینەوەی سبەینێ- ئەگەر سڵەمینەوە و هەستکردن بە لێپرسینەوە لە کایەدا بێ- چونکە ئەم دیاردەی هەست بە لێپرسینەوە نەکردنە، لە تێگەیشتن یان تێنەگەیشتنەوە پەیڕەو دەکرێت و لە گۆڕێیە.

هەیە بەرهەمەکەی وەك گەواڵە هەورێك وایە و کەس ناتوانێ هیوای چەند دڵۆپە بارانێکی لێ بکات سەبارەت بەوەی هەر لە دروستبوونیدا تەڕایی لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتووە. کەچی بە هاشوهوش و ئیدیعاکردن ئومێدی سەرپەڵەی خێری لێ دەکات. ئەم دیاردەیەش سەمەرەیەکە و لای گەلێك هونەرمەند و لە کاری هونەرییدا دووبارە و سێبارە دەبێتەوە: ئەمە لە کاتێکدا مەسەلە. مەسەلەی نەبوونی زەمینەیەکی فیکریی ئەوتۆیە. بەخشندەیی لە چارە نووسرا بێ، بۆیە لە دوای ڕاڕایی و حولحولێتیدا دەربازبوونیان نییە و بەوەیشەوە ڕاناوەستن دەبنە مێردەزمە و کۆسپ لەبەردەم ڕەنج و تەقەڵلای خەڵکی تردا.

هەمووومان، لەو ڕاستییە بەئاگاین لە چ سەردەمێکی ئاڵۆز و جەنجاڵدا دەژین، گەر وریایی نەکەین. گومان لەوەدا نییە بەرداشی نەهامەتیی ئەم سەرگەردانییە دەمانهاڕێ. کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمی جیهانیی، لەژێر پێی میللەتاندا و لە بەردەم کۆششی بێ وچانی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازدا گۆڕ دەکرێت. پەڕاگەندەکانی ئەویش ناچار دوای

جـەمسەری بـزووتـنـەوەی گـەورە دەکـەون و پـاشقـولـی بـێ شەرمـانـە لە مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز دەگرن.. بەڵام هەیهوو، بۆ ئەو کەسانەی بە گورگەلۆقە شوێن کڵاوی بـابردوو کەوتوون.

ڕێژیمە سەرمایەدارە چەوسێنەرەکان، ژەهری کوشندە، گەرای شوومی لەناوبردنی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، لە بـارودۆخێکدا دەخەنەوە، کە توانـای گەشەکردنیـان هـەبێ... دەیانـەوێ بڕووسکەی داگیرسێنەری کڵپەی ڕاپەڕینی ئـازادیخوازیی لە کار بخەن، بۆیە هەڵپە دەکەن بۆ گەمـارۆدانی بیری گەنجان بە شێوەیەك بتوانن سابوونێك لەژێر پێیان بدەن نەك هەر ئەژنۆ بگرە گەردنیشیان بشکێنن و هیوای چاکبوونەوەیان نەمێنێ.

بـازاڕێکی سەیروسەمەرەیە، هەیە مێشکی ژەنگ دەیگرێ و پێوانەی لا نـامێنێ و لە بریتی گوڕدانە خۆ بۆ چوونە پێشەوە و جێهێشتنی قۆنـاغێکی دواکەوتوو، قۆنـاغیش لە ئـارادا نـامێنێ و داهێنان بە لنگەوقووچ تێی دەڕوانرێ و لای خۆیشی دزیکردن- بەنـاوی کارتێکردنەوە- لە ڕۆژی ڕووناکدا دەبێتە داهێنان و عەبقەرییەت... سەمەرەیە و دەنگی نـاخۆش پڕ بەگەروو گۆرانی دەڵێ... کەللە و پێڵاو لەیەکتر جیا نـاکرێتەوە سەیرە و لـەوەیش سەیرتر ئـەوەیـە، بـەرهـەمـی نـەلـواو و نـەشیـاو دەدرێ بـە دڵ و دەروونی خەڵکیدا و شت بە هەموو شتێك هەڵدەسەنگێنرێ تەنیا بە عەقڵ نەبێ.

یەکێ گۆشتی بەرازی مـاڵییکراوی دەستەمۆی ئەوروپا دێنێ و دەیەوێ لە قتووی ژەنگ هەڵهاتوودا و لە بـازاڕی ئەدەبیی و هونەریی کورددا وەك بـابەتێکی بێ ڕەواج و زۆرەملێ ساغی بکاتەوە بەسەر خەڵکیدا. یەکێکی تر درۆزنـانـە لـە عـەشق دەدوێ لـە کـاتـێکدا لـەسەر شانـۆی عـەشقـبـازیـی کـۆمـبـارسێکـی لـێنـەهـاتـوویش نـەبـووە و ئـەوەی خـۆشەویستـی بێت لـە سازگاری کانیاوەکان تەنیا جارێك- ئەویش بە کوردە نـامووسی- دەمی

تەڕ کردووە، هەر کە دەماری خۆپەرستی و نەرجسییەت دەیگرێ و بەسەریدا دێ و دەڵێ هەچ ڕۆژێ تووشی چورتمێك بووم هۆی ئەو قومە ئاوەیە...

یەکێکی تر، مەلاشووی لە دەربارردا هەڵدرابووەوە و فێرە خواردنی پەراگەندەی سەرخوانی شازادەکان بوو، کەچی لافی شۆڕەسواری هەموو مەیانێکی لێ دەدا.. یەکێکی تر لە سەدەی هەرەسهێنانی کۆنەپەرستی و گۆڕکردنی ئیمپریالیزمی جیهانیدا تا ئێستایش لە بەردەم شێرە بەفرینەدا بەچۆکدا دێ و بتپەرستیی دەکا. یەکێ لە توخم و تۆوی شەمشەمەکوێرەیە و لە تاریکستاندا نەبێ چاوی هەڵنایە، کەچی بە لاف و گەزافی درۆزنانە خۆی بە هاوڕەگەزی ئەو باڵندەیە- نەء- ئەو ئاژەڵە نازانێ. ئیتر ئەمە دنیایە و ڕێوی دەبێتە شێر و فس فس پاڵەوان... بەڵام شێری بە ڕواڵەت لە بەردەم ڕاستیی و حەقیقەتدا دەبێتە تانجییەکی گەڕ و نەفرەتی لێ دەکرێ.. ئەمانە و دەیانی تریش لە گێژاوی بەرەڵلایی و زەلکاوی هەست بە لێپرسینەوەنەکردندا وەك حەقیقەتێکی مێژوویی دەردەکەون و هەر بەو تەوژمەی تێدا لەدایك دەبن، لەناو دەچن و لە لیتاوی لەبیرچوونەوەدا خۆیان دەبیننەوە...

ئەی خەمی گەورە، سەری گلۆڵەی ئاڵۆز، گەڕان بە شوێن جەمسەردا؟؟! ئەوانە شتێکن تایبەتین بە شازادەکان و لە وزەی زمان و مێشکی کەسانی دەربارردا نییە، ئەوەندە نەبێ تووتی ئاسایی دەبێ بووترێتەوە و لێبدرێتەوە... بۆیە لەگەڵ [مایاکۆفیسکی]دا دەڵێم [حەزم دەکرد خامەکەم تیژکردایە وەك چەك].

قسە قسە دێنێ و مەسەلەیش فێربوون و وریایی و تێگەیشتنە لە کایە جیاجیاکانی ژیاندا، دەڵێن سەردەمێك لەوەوبەر کۆمەڵە خەڵکێکی لای خۆمان، باری ژیان و گوزەرانیان ناچاری کردبوون لە کەنار چەمی

سیروان گوندێك پێكەوە بنێن، دیارە خەڵكی گوێ ڕووبار دەبێ مەلەوانی چاك بن تاوەكو بتوانن بەربەرەكانێی لافاو و گێژاوی ڕووبار بكەن. ڕووباریش وا فێر بووبوو، ئەوەی مەلەوان نەبوایە لوولی دەدا و دەی كرد بەژێر تەوژمی خۆیەوە و كپی دەكرد... ئەوەی مەترسیی لێ دەكرا منداڵانی گوندەكە بوون.. سەرباری ئەمانەیش ڕووبار لە بەهاردا دەكشا و هەڵپەی بۆ دەوروبەری دەكرد... پێچی بە درەختی شكۆفەداری كەنار دەدا، بۆیە كاری هەرە گرینگی ئاوایی هاتبووە سەر ڕاهێنانی منداڵانیان بە ڕووبار و تەوژم و شەپۆلەكانی... مەنگ، خوڕ، لێڵ، ڕەوشەن، قووڵ... لە سایەی كارامەیی و لێهاتوویی، تەجروبە دیدەكان، نەوەی نوێ فێری مەلەوانی دەكران.. بۆیە لەو بڕوایەدام كاری ڕۆشنبیر و هونەرمەند، ئەگەر لە كاری ئەو باوكانە گرینگتر نەبێت، كەمتر نییە، گەر فێركارەكان مەلەوانی چاك نەبن و شەپۆلی تووڕە چاك نەناسن، ئەی چۆن دەتوانن ڕێنوێنی ئەو منداڵانە بكەن كە لە بانكی تاقیكردنەوەدا هیچ سەرمایەیەكیان نییە. حەیف و مەخابن، ئەوەی تەڵە بە قاچیدا تەقیوەتەوە و زامی پڕ لە ناسۆریی سارێژ نەبووەتەوە، خۆی فاقە دەنێتەوە! ئەمەیە ڕۆچوون بۆ چڵپاوی نەهامەتیی. هەر لەو ڕۆژەوە مرۆڤایەتی لەسەر ئەم زەمینە خۆی دیوەتەوە لە تێكۆشانی دوور و درێژدایە بۆ ڕازاندنەوەی ژیانی ئادەمیزاد، دەریایەكی بێ بن لە تاقیكردنەوە بووەتە بەرهەمی ڕەنج و تێكۆشان، بۆیە ئێمەی مرۆڤ كە خاوەنی ئەو سەرمایە مەزنەین ناكرێ چاومان لە ڕاستی ئەو حەقیقەتەدا كوێر بكەین و لێی بپچڕێین، چونكە ئەو پچڕاندنە مانای دابڕبوون لە تاقیكردنەوەیەكی زۆر، بەو پچڕاندنەیش تووشی زەین كوێری و واقوڕمان و سەر لێشێوان دەبین. ئاوڕدانەوە لە كەلەپووری گەورەی نەتەوایەتیمان كە بەشێكە لە بەرهەمی مەزنی هەموو كەلەپووری مرۆڤایەتی مانای بەسەركردنەوەی دوێنێ بۆ خزمەتی ئەمڕۆ و بنیاتنانی سبەینێ.. جا وەنەبێ ئەو ئاوڕدانەوەیە هەروا كارێكی ئاسان و هەڕەمەكی

و بازاڕیی بێت؛ بە پێچەوانەوە کاری هونەرمەندی بە توانا و لێوەشاوەیە بەتایبەتی کە ئەم بەکارهێنانەیش لە بواری شانۆدا بێت، دیارە ئەوە وریاییەکی زیاتری دەوێت.

لە کاتێکدا دەستی پرۆژبایم خستە ناو دەستی نووسەری شانۆیی «خەج و سیامەند»ەوە، ئەو کاتە دەمبینی خۆشەویستیی و سۆز و عاتیفەم لەسەر ئەم زەوییە فراوانتر بووە، «خەج و سیامەند»م بینیوە بریسك و هوڕی خۆری نەورۆزی ئەم ساڵ لە شادەمارەکانی خوێنمدا تیشکەبازییان دەکرد. لە چارەڕەشی و کڵۆڵی ئەو دوو دڵدارەدا هیوا و نوقلانەی لەدایکبوونی نوێم بینییەوە. کاتێك (خەج و سیامەند)م بە سنگەوە نووسان گوێچکەم بە لاوکی ئەو دولبەرە دەزرنگایەوە کە تا ئێستاش چاوی لە ڕێی دڵداری ڕاستەقینەیە.

ئەوەی هانی دام وەك کرێکارێکی شانۆی کوردی ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێ بهێنم، جیاوازیی نێوان چایخانەکەی جارانی دەروێش شەریف لەگەڵ چایخانەکەی دەروێش شەریفی نووسەردا.

وەنەبێ مەسەلەی بەکارهێنانی کەرەستەی فۆلکلۆری و کەلەپوور بە هەموو بابەتەکانیەوە، کارێکی نوێ بێت، نەخێر لە سەردەمی شانۆ خۆیەوە لە ئارادایە. لە وڵاتی یۆناندا لە ساڵەکانی ٦٥٠ی پێش لەدایکبوونەوە پەیڕەو کراوە و سوود لە داستانەکانی ئەلیادە و ئۆدێسە بینراوە.

(دراما)یش خۆی لە خۆیدا زادەی هاوسەرێتی شیعر و داستانە، بەڵام گەر بێ و نووسەرێکی ئەمڕۆیش وەکو (سۆفۆکلیس) یان (یۆربیدس) کەلەپووری بەکار هێنا، بێگومان ئەنجامی کارەکەی دەبێتە شتێکی نەشیاو و خۆیشی دووچاری ئاوارەبوون دەبێ، چونکە ئەوەی داوا لە نووسەر دەکرێ ئەوەیە لە کارەکەیدا سیمای سەردەمەکەی نەدۆڕێنێ و

وریایی پلەی داهێنانێکی گونجاو بکات، نەك تەپە تەپی بێت لە پاشکۆی ڕۆژمـێرەوە... چـونکـە ئـەم کـارەی دواییـیان یـەکێکـە لـەو نـەهـامـەتییـانـەی زۆرجـار لـە مـەیـدانـی شـانـۆدا یـەخـەی گرتـووین. دەبێت بـیرکـردنـەوەی نووسەر ڕووداوەکانی ئایندەیش دەستنیشان بکات، ئەگەر نەتوانی خۆی بـنـیـاتـنـەری ئـەو کـارە بـێت.. بـەرهـەمـی ئـەدەبـیـی بـرێتـیـیـە لـەو کـارە مـرۆڤـانـەیـەی سنـووری خـۆیـی بـەجـێ دێڵـێ و ڕوو دەکـاتـە جـیـهـانـێکـی فراوانتر... ئەو کەسانەی لە شانۆیی خەج و سیامەندا دەستیان هەبووە، بۆ پێشکێشکردنی ئەوانەن جێگە و سەردەم ڕادەماڵن و خۆیان بەبیر و دڵی مرۆڤی ئەمڕۆ ئاشنا دەکەن و بە ناخیاندا شۆڕ دەبنەوە.

**بۆچی «خەج و سیامەند»؟!.**

ڕەنگە ئەم پرسیارە بەبیری زۆر کەسدا هاتبێ، منیش وەك دەرهێنەری ئەو شانۆییە دەمەوێ لێرەیشدا هەر ئەو ڕایە دووپات بکەمەوە کە لە وەڵامـی بـرایـەکـی ڕۆژنـامـەنـووسدا وتم: زۆر شت خـەج و سیـامـەندیـان چەسپاند ناوەڕۆکی خۆشەویستی، ئەوینی ڕاستەقینە... سیامەندی هەژار.. بـابێکی دارا و دەوڵەمەندی خەج... میری زۆزانی لە خۆبایـیبووی دوور لە خـۆشەویستـیـی... مـیـرزا و مـەمـەنـدی مـوهـەڕیـجـی سەر شانـۆی کـارەساتـەکـان... ئـەمـە لـەلایـەك و لـەلایـەکـی تریش چـنینـی لـە شێوەی درامایەکی پڕ لە هەستونەستی مرۆڤانەدا.

شانۆی ڕاستـەقینـە، ئـەو شانۆیـە نییـە بـە کولـێرەیـەك چـاری برسییەك بـکـات و ئـیـتـر مـەسـەلـەکـە ببـڕێتـەوە نـەء، شـانـۆ دەبێت بـرسێتیی بـکـاتـە هـەستپێکردنێکی ئێجگار گەورە کە هۆش و بیر جەمسەری بن و ببنە هـەوێنـی گـۆڕانـێکـی بـنـەڕەتـیـی. ئـەگـەر نـووسـەر بـهـاتـایـە و دەقـاودەق بەسەرهاتەکانی پێ بووتینایەتەوە، ئەو کاتە نەك هەر مایەپووچ دەبوو، بگرە هیچ شتێکی نوێی نەدەخستە سەر فۆلکلۆرەکەیش.

(خـەج) لـەم شانۆییەدا  نـامـرێ، بـەڵام بـەسەر بستـووەکـەوەیـە و لـە مـەتـرسیدایـە.. بـەڵام بـە مردن ڕازییـە و قبـووڵـی خـوازبێنیکـەری درۆزن ناکات... مەسەلەی قرتاندنی ئەم دیمەنە و وەرگرتنی لای حیکایەتخوان، تەواوی جەمسەرەکە دەداتە دەست بینەرەکان، کە ئەوان بڕیاری بدەن خۆی هەڵدێرێ یان نەء؟!.

(سیامەند) دەبێت باجی هەڵەهەڵ و هاشە و هووشەی خۆی بدات.. چونکە سەودا لە هەگبەی ڕێبواردایە و سەوداسەریش بە تەنیایی هیچ ناگەیەنی؛ دەك ئافەرین لەو عاشقەی کە دەزانێ چۆن و بەچی و کەی دەگـاتـە نـازدارەکـەی.. نـووسەر کـۆششی زۆری کـردووە کـە ڕابـردوو ببسەتێتەوە بە ئەمڕۆوە..

«کێلەسیپان» دەبێتە دیمەنێکی زیندوو لە پێش چاوی بینەر و هەر کەسە کـــەم و زۆر خـۆی لـە  کـارەساتدا دەبـینـێتـەوە. کـاتـێکیش کـەسانـی نـاو چایخانەکە بەشداری کارەسات ئەبن، دەبینن کەسانێکن بەشێوەی لای خۆمان دەدوێن و دەوری خۆیان دەگێڕن، بەو جۆرە گیانی هاوبەشیکردن و جـووڵانـدن لـە بـارێکـی دیـالـیکـتـیکـییـەوە دروست دەکـات لـە نێوانـی شانۆییەکە و بینەرانیدا. نووسەر ویستوویەتی نموونەی ئەو کەسانەی دەوریان هەیە لە دروستبوونی ڕووداوەکانی دراماکەدا لەناو خەڵك و چایخانەکەدا، خەڵکی ئیمڕۆ بن ئەم دوو خاڵەیش گەورەترین پردن بۆ پـەڕیـنـەوە و بـەستـنـەوەی جـەمسەری مـەسەلـە بنچینەییەکانی   ناو شانۆییەکە.

تاقیکردنەوە ڕاستیی نیشان دەداتەوە، وەك چۆن مێژوو تاقیکردنەوە گەورەکان نیشان دەدات بۆ سەلماندنی ڕاستیی و حەقیقەت.

لە شانۆیی (خەج و سیامەند)دا کۆمەڵێك تاقیکردنەوە دەکەوێتە ڕوو، هێندێکی تریش بە نموونە لەسەر زمانی کەسانی– ترەوە باس دەکرێن،

وەك لە دیمەنی پینەدۆز و شاگردەکەیدا دەبینریٚ، کاتێك ئاسنگەری قاڵبووی تاقیکردنەوە مەزنەکان ڕێوشوێن بۆ سیامەندی هەڵەشەی سەر لێ تێکچوو دادەنیٚ بەڵام سیامەند پەیرەویی ناکات و جڵەوی عەقڵی دەداتە دەست عاتیفە و وا دەزانیٚ ئەو گرەی دەروونی هەموو شتێکە و بۆی دەکریٚ بگاتە مەرام و خەج لە ئامێزیدا بحەوێنێتەوە... لەوانەیە هەبووبێت لێوی تووڕەبوون و قین و ناڕەزایی کرۆشتبیٚ سەبارەت بەم کارەساتە، بەڵام ئەم ناڕەزاییە خۆی لە خۆیدا سەرەتای بڕواهێنان و سەرکەوتنی لە دڵی زۆربەی خەڵکیی و بەشدارانی شانۆییەکەدا خەملاند و باشترین بەڵگەیش ئەو پێشوازییە بوو کە بۆی کرا و جەماوەر بە چەپکە گوڵی ڕێز و خۆشەویستییەوە بە پیرییەوە چوون. جا گەر هەمووان و بەبیٚ جیاوازیی بۆچوون و لێکدانەوە؛ هەمان هەڵوێستیان سەبارەت شانۆیی کە هەبوایە، ململانیٚ لە کوێدا دەبوو؟!.

هەموو کەس وەك یەك ناژی، دیارە وەکو یەکیش بیر ناکەنەوە، بێگومان لەم حاڵەیشدا هەندێك بەرژەوەندییان لەق دەبیٚ!. هەر کەسێکیش دەیەویٚ نکوولٚی لەم ڕاستییە بکات، با بفەرمویٚ پەنجەی بکات بە چاوی واقیعدا.

ئەوانەی کۆسپن لە ڕێگەی پێشکەوتن و گۆڕانی بەردەوامیدا بەر لە هەموو شتێك دەیانەویٚ هۆشی خەڵکی بخەسێنن بۆیە زۆرجار هەوڵی بیٚ وچان دراوە بۆ کپکردنی دەنگی دلێرانەی نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیرەکان بەڵام هەیهوو... کیٚ دەتوانیٚ بەری ڕۆژ بگریٚ؟!.

**شانۆی کورد:**

ئێمە ئەگەر ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆماندا. دەبێت ئەوە لەپێش چاو بگرین کە هەرگیز نابینە خاوەنی شانۆیەکی ڕەسەن تا خاوەنی تێکستی کوردیی ڕەسەن نەبین... دەبێت زیاتر دەستی نووسەری شانۆیی بگرین، بەتایبەتی نووسەرێك ئاوڕی لە ڕابردوو دابێتەوە و مۆرکی نەتەوەیی نابێت بە

تـەختـی تـەوێڵـی بـەرهـەمـەکـەیـەوە... «ئـارام خـاچـادۆریـان»ی هونـەرمـەند دەڵـێ: بـەر لـەوەی هونـەر سیمـای دنیـایی هـەبێت دەبێ مۆرکی نـەتـەوەیی پێوە بێ.

هێندێك وا بیردەکەنەوە گوایە ئەو نووسەرەی بابەتێکی فۆلکلۆری کردە کەرەستەی بەرهەمەکەی. بە نووسەری بەرهەم لە قەڵەم نادرێ، بگرە وەك ئامادەکار ئیشەکەی ڕاپەڕاندووە.. لێرەدا حەز دەکەم. ئەو کەسانەی وا بۆ مەسەلەکە دەچن ئاگەداری ئەوە بن کە نووسەر بابەتی خستە خزمەت مـەبـەستـی سەرەکـیـیـەوە سەرلـەنـوێ بـیـنـای کـردەوە، ئـەوە بـە نـووسەری بەرهەم دادەنرێ و مافی ڕەوای خۆیەتی.. گەر وانەبێ، دەبێت زۆربەی نـووسەرە بـەنـاوبـانگـەکـانـی جیـهـان لـە کـۆنـەوە تـا ئێستـا بـە ئـامـادەکـار بنـاسرانـایـە کەسێکی وەك «شکسپیر» زۆربەی شانۆییەکانی لە داستـان و چیرۆکی میللی و فۆلکلۆری گەلان وەرگرتووە.. ئەوە «عطیل» و «ڕۆمیۆ جـولـێت» و «هـنـری چـوارەم» و «شالـیـر» و «ئـەنـتـۆنـیـۆ و کیـلـۆپـاتـرا» و «هـاملێت».. تـاد.. زۆری تریش کە لە ژمـارە نـایـەن.

بـا بێینـەوە سەر ڕێبازی بریخت وەکو مۆرکێکی دیـار لـە نووسینـەکـەی کـاك «فوئـاد»دا.

کـارەساتـی شانـۆیـیـی خـەج و سیـامـەند، هـەنـدێ جـار دەچێتـە بـەرگـی تـراجـیـدیـایـەکـی دڵـتـەزێنـەوە و لـەهـەمـان کـاتیشدا هـەندێ کـەسانـی نـاو شانۆییەکە وا دروست بوون بە بزووتن و هەڵسوکەوتیاندا لە شێوەی کاریکاتێردا بن. ئەمانەیش زیاتر میر و میرزا و مەمەند دەگرێتەوە، کە بە گیرفانی پڕ و تەنگە ئەستووری و هاشوهووش و زۆرەملێ و ڕاوەڕێوی دەیـانـەوێ بـبـنـە ئـاوسەری هـەمـیشـەیـیـی خـەج، ئـەمـە لـە کـاتێکـا هـیـچ شەرعیەتێ نەك لە مەسەلەی بۆربۆڕینیاندا نییە بگرە بوونیشیان شتێکی ناڕەوایە... ئەوانە بۆگەنترین نموونەن و چاکترین بەڵگەن بۆ ڕەوشت نزمی

و دەرەبەگایەتیی و بۆرجوای بێ ئابڕوو.

بیری سەرەکی دراماکە ئازارێکی گەورەی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە، وێنەکێشانێکی سەرکەوتووانەی ئەو کارەساتە دڵگیرە دێنێتەوە یادی بینەر کە هەرگیز لەپێش چاوی ون نابێ و لە خولیایدا دەژی... بۆیە بینەر لە یەك کاتدا دەگری و پێ دەکەنێ، پێ دەکەنێ، چونکە کار لە عەقڵی دەکات... ئەمە هەروا کارێکی ئاسان و هەڕەمەکیی نییە، ئەم کارە بڕواهێنانە بە مەزنیی مرۆڤ.. چاکیی کارەکە لەوەدایە بەردەوام بەرەو ڕووی هۆش دەبێتەوە. باسی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی فرەچین دەکات... دیاردەی ڕەوشت نزمیی لای عاشقی ڕووکەش یەکالا دەکاتەوە.. بەمەیشەوە ڕاناوەستی ڕەخنە لەو بارە ناهەمواره دەگرێ کە کۆمەڵ تێیدا دەژی و کەموکوڕییەکانی دەخاتە پێش چاو.

**دراما**

**– دراما – وشەیەکی یۆنانییە مانای «کار» یان (بزووتن)، یاخۆ «ڕووداو». ئەم وشەیە بۆ هەندێ مانای تریش بەکار دێ، بەڵام زیاتر بۆ مانای شانۆیی بەکار دەهێنرێ، وا باویشە کە وتمان–دراما– دەبێ ئاگەداری ئەو شتانە بین کە تەواوکەرین وەك– ململانێ– و ڕووداو– و–وتووێژ– و– کەسانی ناو شانۆ– و–زمان –و–لووتکەی کارەسات– و –هەڵچوون–و– ئەنجام– و –بیری سەرەکی شانۆییەکە–.**

لە ڕووی ململانێوە:

لەلایەکەوە سیامەندی هەژار و ڕووتەڵە و هەڵپەی بەیەکگەیشتنی خەج و خولیای بەسەربردنی ژیانێکی ئاسوودە و کامەران... بەرامبەر بەم هەموو خۆزگە و ئاوات و خواستە، بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمێکی دەرەبەگی و قۆشەن و قەرەواش.. فتوای بابە شێخی کاسەلێسی سەر خوانی باوکی خەج.. تاکە کەرەستەی ئەم عەشقەیش خۆشەویستی و هیچی تر..

لەلایەکی ترەوە ململانێی چەند عاشقێکی درۆزن لە ڕاست دڵ و دەروونی سیامەند و لە نێوان خۆیشیاندا بە سەرێکی تر.. قەناعەتی هەڵشاخین بە ڕووی ئەو دڕندانەدا لووتکەی دراماکە دروست دەکەن.

ڕوویەکی تر لە شانۆگەرییەکە شێوەی دیالۆگی کەسانی ناو ڕووداوەکانە.. حیکایەتخوان زمانی تایبەتی هەیە و میر و مەمەند و میرزا و سیامەندیش هەر بەوجۆرە.

زمان یەکێکە لە پردە هەرە گرینگەکانی گەیاندنی بیری نووسەر، بەتایبەتی لە شانۆدا، چونکە کار بە خوێندنەوە تەواو نابێ و، وشە لەسەر شانۆ دەبێتە ڕەنگ و دەنگ و هەست و ڕووداو و گەلێك شتی تریش..

هەر بۆ نموونە، با سەرنجێك لەم دیالۆگەی حیکایەتخوان بدەین:

«سیامەندی عاشق کەڵکەڵەی وەی کەوتبووە سەر، ڕچەبشکێنێ، ... گەلی دە برادەران.. دەمەدەمی ئێوارەی بوو، خۆر بە ئاسمانی پیرۆزەیی کێلەسپیانەوە بەرەو ڕۆئاوا شۆڕ بووبووەوە.. تاد».

ئەمە جگە لەوەی بەسەرهاتەکە خۆی، گیانی درامایەکی بەهێزی تێدایە و زیاتر هوشیاریی برای نووسەرمان بۆ دەردەخات کە چۆن کردییە کەرەستەی شانۆگەرییەك و کاڵایەکی پڕ بە باڵای بڕی. بۆیە بە هەلی دەزانم لە ڕووی وەفاوە ئەو قسەیەی مامۆستا «محەمەد تۆفیق وردی»ی دووبارە بکەمەوە کە لە «دراسة وبحث عن الفلكلور الكردي»دا تۆماری کردووە و لە باسی خەج و سیامەندا دەستنیشانی ئەو گیانە دراماییەی کردووە کە لەو چیرۆکەدا هەیە، بە ڕادەیەك بڕوای وایە، شیاوی ئەوەیشە بکرێتە فیلمێکی سینەمایی.

دووریش نییە ئەم هیوایە بێتە دی، چونکە کردنی بە شانۆیی گەلێك گرانترە لە کردنی بە سیناریۆی سینەمایی.

بەشبەحاڵی خۆم بە دوورم نەدەزانی کە کاك «فوئاد» بتوانێ شانۆیی

بنووسێ، لەبەرئەوەی وەك ناسیبێتم یەكێكە لەو كەسانەی لە مەیانی ڕەخنەی ئەدەبیدا سەردەمێكە كار دەكات و هەموو كاتیش پەنا دەباتە بەر بنچینە زانستییەكان..

جا وەنەبێ ئەم شانۆییە بێ كەموكوڕی بێ، چونكە هیچ بەرهەمێك لە ناتەواوی خاڵی نییە، بۆیە لە جیاتیی بژاركردنی قسەكەم دەگۆڕم بە داواكارییەكی دڵسۆزانە لە هەموو ئەو نووسەرانەی بە دڵ دەیانەوێ تەكانێك بە شانۆی كورد بدەن بۆ پێشەوە و زیاتر قاڵی تاقیكردنەوەكان بن و چاوەڕوانی بەرهەمی بەپێز و بە بڕشتیان لێ دەكەین، چونكە تەواوكەر و دروستكەری شانۆ نووسەرانن، ئەوەی منیش لە یادم نەبووە یان نەمویستووە پەنجەی بخەمە سەر دەقی نووسینەكە– دراماكە– خۆی دەستەبەری وەڵامدانەوەی پرسیارەكان دەكات.

ئەحمەد سالار

١٩٧٨/٤/٢

## کەسانی ناو شانۆگەرییەکە

حیکایەتخوان
سیامەند
خەج
باوکی خەج
کوڕی «١»
کوڕی «٢»
کوڕی «٣»
بابە شێخ
ئاسنگەر
پینەدۆز
شاگرد
دراوسێی پینەدۆز

مەمەند
میرزا
میر
دانیشتووی یەکەمی چایخانە
دانیشتووی دووەمی چایخانە
دانیشتووی سێیەمی چایخانە
دەستەخوشکی «١»
دەستەخوشکی «٢»
حەوت برای تری خەج
خزمەتکار

**«بەردەمی لای ڕاستی شانۆ، چایخانەیەکی میللییە لە سلێمانی: سێ کەس دانیشتوون– حیکایەتخوان–یش لەلای سەرەوەیە؛ دەگونجێ  چەند بینەرێکیش لەو شوێنەدا، دابنیشن».**

**حیکایەتخوان:**

[ڕوو دەکاتە بینەران] جەماعەت، ئیمشەو چیرۆکێکی زۆرخۆش و بە تامتان بۆ دەگێڕمەوە.. لەوانەیە زۆرجاریش بەرگوێتان کەوتبێ، یان لە دووتوێی کتێبێکدا خوێندبێتتانەوە؛ بەڵام.. وابزانم ئەو کتێبانە هیچیان ئەوەندەی ئەم کتێبەی لە بەردەستمدایە بە ڕاستگۆیی ڕووداو و کارەساتەکانیان باس نەکرد بێ. [دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکە دەکا].. ساڵ بەو عەیام، لە سەرودەمێکیدا کە خەڵکی وەکی ئێستا چاوکراوە و بەئاگا نەبوون، مرۆ هێندەکی ڕەوەند و هێندەکی نیشتەجێ بوون؛ لە دەوروبەری کوێستانی کێلە سیپانی عەشرەتەکی هێجگار زەنگین و دارا و دەست ڕۆییو هەبوو... جحێڵانی هەتا بڵێی ئازا، سوارچاك، کورتی ببڕینەوە، پاڵەوانی ڕۆژی شەڕ و دەعوایە بوون!. ئەوجار وەکی دەزانین و بیستوومانە عیشق و ئەوین چ لە وڵاتی مە و چ لە هەندەراندا، عومرەکی دوور و درێژیان هەن... هەر لە زووەکەوە ئادەمیزاد گیرۆدەی بووە و زۆرجارانیش بۆتە مایەی دەردەسەری و ئاوارەیی بۆ وان ئاشقانە.



وێنەی دیمەنێکی شانۆگەرییەکە

ئەوە مەجنوونی بێ چارە و سەرگەردان؛ ئەوە فەرهادی دەست ڕەنگین و نەوجەوان؛ ئەوە کاکە مەمی ئازا و ڕۆڵەی مەیدان!!..

گەلی برادەران... دەنێو عەشرەتی کێلەسیپاندا کیژەك هەبوو نێوی خەج بوو، بەڵام خەج، چ خەجێ؟!.

کەڵەگەت، چاوبەڵەك، کوڵمەی سووروسپی.. گەردن کێل.. خوێن شیرن... دەنگ خۆش... دڵگر... جوانچاك... کەزیەی لوول و چین چینی بەنێو شانانیدا ڕژابوو رەفیسکەی دەنگاوت.

ئەبرۆ کەوانێ، کەپۆ جوانێ، دەم کوڵ لێو قەیتانێ.. بەرخەبەبەی وەکی سێوی شەقبردوو خڕوپڕ؛ مەمانی لە چەشنی هەناری هەڵشۆیە لەسەر سینگ و لەبن کراسێوە هەڵی دابوو.

خەج دەگەڵ سیامەندی پسمامی هەر لە منداڵی ڕا پێوەندێکی سادەیان دەنێواندا، دروست بووبوو... تا چکۆڵە بوون.. دەچوونە ڕێواس و کارگکردنێ، پێکەوە لەوی کێو و تەلانەی گاڵتەوگەپیان دەکرد و ڕۆژگاریان بەسەر دەبرد... تا گەورە بوون و بۆنی کوڕ و کچێتییان کرد.. ئیتر پێگەیین و لێك هەڵبڕان..

سیامەندی ئاشق. جحیلێکی جوان بوو، تازە پێگەییو، کەڵەگەت، موو ڕەش؛ دەگەڵ وەش ئازا و دەستەوەکەربوو؛ هەر لە منداڵی ڕا لەبەر کەسی دانەدەنەواند... زار بە پێکەنین، بەلاَن بگر و دەنگ خۆش، ڕاوکەرێکی توندوتۆڵ، بە زیبك و زاکون، ئەم جەوانە بە دەردی خۆشەویستی خەج گرفتار بووبوو.

خۆشەویستیی خەج و سیامەندی، لە حەوش و کۆلانان، لە گاڵتەوگەپیرا هەڵبوو، سەرەدای داگیرسا و دەگەڵ تەمەنی ئەو دوو نەمامە ساوایانەدا و لە باوەشی خۆڕسکاوی زەنویری دڵگری کێلەسیپاندا پەروەردە کرا و هەستا...؛ هێز و گوڕی گرت، ئاوری

دڵداری لـە کـەلـێنـی دڵـی خـەج و سیـامـەنـدیـدا کراوە.. ڕۆژێ کـە سیـامـەند دەچووە کاروبـارە خـۆی دەگـەڕانـەوەیدا چـەپکە گوڵێکی بۆنخۆش و ڕەنگینی دەچنی و هـەرکە تووشی خـەج دەبوو، دەیگوت:

[تاریکی]

**[سیـامـەنـد ڕاوەستـاوە و خـەج لـەگـەڵ چەند دەستەخوشکێکی لە بێر گەڕاونەوە].**

**سیامەند:**

خـەجێ گیـان! مـاندوو نـەبی... مـاڵت خـەراپ نـەبی بۆ هێندەت پێ چوو؟! بـەخوای هێندەم چاوەنۆڕ کردی ئـاوی پێم داهـات... دەهـا [چـەپـکـە گـوڵـێکـی دەداتـێ] هـێنـدەکـان دەبـەرۆکت خـــە و دووسێیـــەکـــانـــیش لـــە بـــری گوارەی دەگـوێچـکـان کـە. [دەستـەخـوشکـەکـانـی بـە پـێکـەنـیـنـەوە ڕا دەکـەن. خـەجیش سەر دادەخـا] دەی بۆ قسەیەکی نـاکەی؟!.

**خەج:**

چوزانم. چ بڵێم؟!

**سیامەند:**

چۆن چی بڵێی!؟ گۆیە بۆ خۆت نازانی ڕۆژەکی نەتبینم ئارامم لەبەر دەبڕێ. وەکی ئەوڕۆ ناچار بووم بـازی بێریـانت لێ بگرم..

**خەج:**

چ بکەم!.. بۆ خۆت نازانی قسە و قسەڵۆکی نێو عەشرەتی وەکی نـەشتـەر جـەرگی دەبڕێ ، هـێند بـەسۆیـە، هـێند بـەسۆیـە بــە چ دەرمـانێکی عیلاجی نـاکرێ!.

**سیامەند:**

ئـەمـە، پـەیـمـانـە خـۆشەویستـیـمـان بـەیـەك داوە؛ ئـەوجـار قسە و قسەڵۆکی خەڵکی لە ڕاست دڵی مەدا. دەبێ چ بێ؟! جگە لەوەی ئەمن لەمێژەڕا سوێندم بۆ ئەتوو خواردووە. کە قەتی دڵ نەگۆڕم و ئەوی عیشقە پیرۆزەی لێڵ نەکەم... خواش بەوی سەرەوە ئاگەدارە لە خۆشەویستییە زیاتر چ مەرامێکی ترم نین.

**خەج:**

سیامەند، چ پێویست بە پاکانەی ناکا.. ئەمن لە دڵە خۆمڕا تەماشا دەکەم؛ هێندە نەبی لە زمانی خەڵکی دەترسێم، چ مەبەستەکی ترم نین.

**سیامەند:**

بـەڵان ئـەو قسانـەم، قسەیـە دڵـمـە، چ نـیـازم لـە پـاکـانـەی نییـە... ئەوجار بزانە، ئەوی پایزەش حەول دەدەم بنێرمە داخوازیت و خوا یار بێ دەتکەمە بووکە ڕازاوەی حەموو موکریانی و چیی تر ماوە بە قسە و قسەڵۆکان نادەم..

**خەج:**

ئەمنیش وەم دەوێ، چ هەیە لەوەی خۆشتر بێ ئەمە، بەیەك شاد و کامڕەوا بین، ئەمن هەر ئاوسەرە تووم... لە توو بەولاوە کەسی ترم نییە شایەنی وەبێ بە سوارە ئەسپی کحێلەوە بە دەم کۆڕژن و غـارەوە، بـە پـێش چـاوە جـحـێڵـە نێو عەشرەتیەوە، وەم فڕێنێ بە حەڵاڵی.

[تاریکی]

**حیکایەتخوان:**

بابە خەجیش گەورە پیاوەکی دەستڕۆیو، خاوەن لا و دیوەخان، دەگەڵ وەش چل کوڕی ئازا و کەڵە کەڵەی هەبوو... تەواوی عەشرەت لە حاستیدا ملکەچ و ئامادەی کارێ بوون... بابانە خەج قەدەرێکی لەوی کەیوبەینەی نێوان ئەوی دوو دڵدارەی ئاگەدار بوون.

[تاریکی]

**[دیمەنی لایەك لە دیوەخانێك لە بەشی سەرەوەی ناوەڕاستی شانۆ باوکی خەج ڕاکشاوە و خزمەتکارێك قاچی ئەشێلێ.**

**بابە شێخ، لای ڕاستییەوە لەسەر چۆك دانیشتووە. هەشت برای خەج هەندێکیان دانیشتوون و هەندێکیان بەپێوە دەستەونەزەر ڕاوەستاون].**

**باوکی خەج:**

[بە تووڕەبوونەوە] بە خوای چاکە، ئەرێ وەڵڵا گەلەك چاکە، لێمان هەڵدەکەوێ!! دەکوو...

**کوڕی (١):**

قوربان چ پێویست ناکا خۆت نیگەران بکەی، سیامەندی لە حاست ئەتوو کەسەکی غەریب نییە... برازایە خۆتە؛... بانگی دەکەینە ئێروکانە و پێی ڕادەگەیەنین چیی تر متەق نەکا.. ئەمە، هاوسنفی وی نین، خەجیش قەتی بۆ ئەو نابی.

**کوڕی (٢):**

فەرمایشتە کاکم گەلەك بەجێیە، ئەدی ڕای بابە شێخی چییە؟.

**بابە شێخ:**

بەخوای ئەمن چ سەرم لەوی کارەساتەی دەرناچی، نا بەخوای...!

لە کەنگێڕا دنیا وەی لێ هاتووە مسکێنان دەگەڵ کیژە گەورە پیاوان و میرانی عیشقبازی بکەن؟! ئەشهەدو ئەمە جینایەتەکی گەلەك گرانە، شەرعی خوا و پێغەمبەرانیش پێیە قایل نابی... نا بەخوای!.

**کوڕی (٣):**

لەوەی گەڕێ... گەڕێ، ئەدی بزانین بابم بۆ خۆی چ دەفەرموێ؟.

**باوکی خەج:**

بەخوای قەستەم، لەبەر ترسی خوا و خاترەپیر و مەشایەخان و لە ترسە حەیایە خۆم نەبی، ئەوی هەتیوەی دەکەمە پەندی پسان... دەکوو!.. کیژە من لایەقی وەیە ببێتە خاتوونە مەزنە ماڵەکی ناودار، ببێتە ئاوسەرە کوڕە پیاوەکی کەیخودا و دارا... دەکوو!!.

**بابە شێخ:**

ئەشهەدو فەرمایشتە جەنابتە.. ئەشهەدو..

[تاریکی]

**حیکایەتخوان:**

خەج بەهۆیە غوڵامەکی دیوەخانی.

بەوی باسوخواسەی زانی.

تێ دەفکری چیی تر نەما، خۆشەویستیی بەپەنهانی.

هەچی دەکرد:

وردە دەبووەوە، بۆ ڕێگەیەك، چارەسەرەك.

پەی نەدەبرد.

ڕوو لە کێ کا!؟

بابە شێخی فتوای بدا؟!

یان لە بابی و ڕازی بکا؟!
ئەو دەیزانی هیچ کام لەوان ڕێگە نادەن.
بە خۆشەویستە خۆی بگا!.
ئۆقرِی برِا، چاری نەما..
برِیاری دا، سیامەندی ئاگەدار کا.

[تاریکی]

**سیامەند:**

[خەج و سیامەند لە بەردەمی چەپەرێکدا ڕاوەستاون] ناکرێ... نابێ... لەوی دنیایەدا کەسەکی نییە بتوانێ دوو دڵان لە یەك بکا.. با دارا و دەوڵەمەند بن، بەڵام لە حاست دڵی ئەمندا تەواو هەژارن... تەواو هەژارن!.

**خەج:**

ئەوان بە تەنێ دارا نین، قۆشەنیان هەن، مسکێنانیش لە حاستیاندا ملکەچن... ئەتووش بێ کەس و تەنێ باڵ چت پێ دەکرێ؟.

**سیامەند:**

چم پێ دەکرێ؟!... ئەمن ئاشقم. کێ دەتوانێ دڵی ئاشقان زەوت بکا؟. ئەوان دەیانەوێ زۆرەملێم لێ بکەن؟ قەیدی نییە، چ دەکەن با، بیکەن..

**خەج:**

وە مەڵێ، چییان بوێ دەیکەن، بە غوڵامان، بە مسکێنان، بە قۆشەن و قەرەواشی... سیامەند.. هێندەکی بە تەگبیر بە.

**سیامەند:**

ئەتوو، وە دەزانی سەرە دنیایە بە پووشێ گیراوە؟! وەنییە! هێندەکی بەرچاو ڕوون بە، ئەمن دەڵێم ئەمە، زاڵ دەبین، بە مەرامە دڵمان شاد دەبین، نیگەران مەبە... ئەوجار بۆ خۆم دەزانم چ دەکەم.

[تاریکی]

**حیکایەتخوان:**

چ دەکا؟! چ بکا؟! ڕوو لە کێ کا؟!.

دەردەدڵی بۆ کێ ببا؟

گەلی دە برادەران.. دەنێو عەشرەتی کێلەسیپاندا ئاسنگەرەکی هەبوو، دنیادیدە و هۆشمەند و بەئاگایە بوو.

وەکی ئەوی پارچە ئاسنەی بە دەستەخۆی لە کوورەیدا جۆشی دەدا.

ژیانە وی، ئەزموونێ بوو، سەد کارەسات و ئاکامی دیاریی دەدا.

سیامەند، هات.

ویستی مافوورە ڕازەخۆی لە پێچاڵی ئەودا ڕاخا.

تا بە ڕاوێژی ئەو پیرە.

بە کارامەیی ئەو ژیرە.

بە مەرامە دڵی بگا، بە مەرامە دڵی بگا.

خەج لە ئامێزە خۆی بخا، خەج لە ئامێزە خۆی بخا.

[تاریکی]

**[دیمەن دوکانی ئاسنگەرێك، خەریکی کارکردنە. سیامەند بەدیاریەوە دانیشتووە].**

**ئاسنگەر:**

چاکە؛ دەتەوێ خەج دەئامێزی گری؟! کوو دەتەوێ.. هەروا بە سانیی؟!... وەنابێ. ئەتوو هێشتا منداڵی سەمەرەیە دنیات نەدیتووە... ئەمە عەشیرەتی کێلەسپیانییە، بۆ شەڕ و دەعوایە خوێنیان قوڵپی دەدا...

**سیامەند:**

دەزانم، چاك دەزانم. بەڵان ئەمن چ باکم لێیان نییە... نا بەخوای با ئەوان خەج بە ئەمن ڕەوا نەبینن، بەڵان ئەمن... چەندی بتوانم پڕ بەزارە خۆ گاز دەکەم.. خەج ئی خۆمە، خەج ئی خۆمە..

**ئاسنگەر:**

بەچتەوە؟ جێگەت؟! ڕێگەت؟!.

**سیامەند:**

ئەو ئاورەی دڵم، هەمووو شتەکە، ئەمن بەتەنێ ئەو رچەیەی دەشکێنم.

**ئاسنگەر:**

ئەوجار کە بە قسەیە، ئەمن قایل نی، بۆچی هاتوویە کن من؟!.

**سیامەند:**

ئەدی چی کەم؟ لەماڵیدا دەستەوئەژنۆ ڕۆنیشم تا خەج دەدەنە کوڕە پیاوەکی مەزن؟ دواییش لە زەماوەندی مێردکردنیدا، دوو پێیان وەزەویدا دەم و هێندەك شایی بکەم، ئەوجار ئەگەر بەخێرە خۆیان پاروەوە نانێکیان پێ بەخشیم خەنی وەبم و شوکرانە وەبژێرم؟!.

**ئاسنگەر:**

ئەتوو وەت دەویٚ؟!. ئەمن وەنالێم، بەڵان کارە ئەتوو وەکی کارە شاگردە پینەدۆزیە. دەڵێن جارەکی شاگردە بینەدۆزی داوای ئیزنی لە وەستایە خۆ دەکا..

[تاریکی]

**[ڕووی دووکانی پینەدۆزێك. وەستای پینەدۆز خەریکی جووتە کەوشێکە].**

**شاگرد:**

[دێتە بەردەمی وەستا و تۆزێك ڕادەمێنیٚ]... وەستا.. وەستا.

**پینەدۆز:**

چت دەویٚ بابەکەم؟.

**شاگرد:**

دەڵێم، ئیزنم دەدەی بچمە سەیرانیٚ؟!.

**پینەدۆز:**

لە پەنایە خوایدا بی، دەبڕۆ با لە هاوەڵانت هەڵنەبڕێی.

**شاگرد:**

ئەی دەبەرت مرم وەستا گیان، بەخوای وەستای هەر وەدەبیٚ، بەخودای وەستای هەر وە دەبیٚ.

**دراوسیٚ:**

دەکوو... لە تاقەتت [ڕوو دەکاتە پینەدۆز] ئەدی ئەوی شاگردەی حەوتەی چەند جاران دەچێتە سەیرانی؟! کو هەموو جارەکی ئیزنیی دەدەی؟

**پینەدۆز:**

چ بڵێم بابەکەم.. وەکی دەبینی کاڵەی لێ هەڵبەستووە، نانی وەپشتەخۆی ناوە. ئیتر ئەمن بڵێم و نەڵێم هەر دەچی.. کاکی برا، ئەوی شاگردەی لەوان کەسانەیە، پرسێت پێ دەکا و بە قسەت ناکا!...

[تاریکی]

**حیکایەتخوان:**

سیامەندی ئاشق کەڵکەڵەی کەوتبووە سەر، ڕچە بشکێنێ... دەمەدەمی ئێوارەی بوو، ڕۆژ بە ئاسمانی پیرۆزەیی کێلەسیپانییەوە شۆڕ بووبووەوە... تیشکی زێڕینەی بەسەر ئەو ڕێزەی دەست و تەلانە کەسك و ڕەنگینەی موکریاندا، دەڕشتەوە... کزە و سۆزی شەماڵی سەر لە ئێوارێ لەلای شیو و ڕووبارێوە بە شنەشن دەهات، گەڵا و گوڵی دار و درەختانی وە لار و لەنجە دەخست و دەشنایەوە... گوڕژنی باو پرچ و کلکی دەسماڵ و کۆڵوانەی کیژۆڵان، کابانی مەزنە ماڵان وەك ئاڵای پیرۆزی بەختەوەران، وەلارەلار و فڕکەفڕك دەخست و دەیشەکاندەوە. بۆنی خۆشی ئەو هەموو گژوگیا و گوڵانە بە دەم باوە، گیانەوەر و ژێن دەبەری مەست دەکرد... بە شوێن ورتەی کەوی مەڵاس لە دۆڵێدا کە دەنگی دەدایەوە، سەری باز و هەڵۆیان بۆ ئەوی نێچیرە شێواوە، شەپۆلی سیرەی هەڵۆیان چریکەی بازان مووی پیاویان ڕاست دەکردەوە... شوان بە کێوییەوە، ڕێبوار بەڕێوە، بەرەو ماڵ دەبوونەوە... بەڵان دەگەڵ ئەو هەموو جوانیی و ڕەنگینییە خۆڕسکاوەی سروشتدا، دنیا لە پێش چاوە سیامەندی،

بووبووه شەوە زەنگێکی ئەنگوستەچاو؛ لە نابینایدا پەلی دەکوتا، پەلی دەکوتا!!.

[تاریکی]

**سیامەند:**

[لە دامێنی کێلەسپیاندایە، تیروکەوانی گەر و ماری بەشانەوەیە].

لە کەنگێڕا دنیا وەی لێ هاتووە کەسەکی دڵنەوایییە دڵدارانی نەکا؟!... قەیدی ناکا، با ئەمن بەتەنێ بم، چونکە خەجیش بەتەنێ هەر بۆ ئەمنە... خوایە، هەر ئەتۆم هەی... هێندەم لێت دەوێ هێز و گوڕەکم بدەیە کەسی نەتوانێ خۆی لەبەرمدا ڕاگرێ..

فریشتەیە ئاسمانی، گوێم بۆ ڕادێرن.. ئەمن سیامەندی ئاشقم، دەردی ئاشقانیش گەلەك گرانە... بنۆڕن و بە چاوە خۆتان ببینن سیامەندی تەنێ باڵ، بە زەبری باهویە، بەتین و تاوە خۆشەویستییە چۆن دا بە عەشرەت بەسەر یەکدا تێکوپێك دەدا...

ببینن ئەمن لە حاست ئەوان مەزن و گەورەپیاوانەی چ گۆوەندێکی ساز دەکەم... ئای خەجێ گیان... ئەو ئاورەی ئەتوو لە دڵە منت بەرداوە گۆمە ورمێیە ناتوانێ پڕیشکەکی لێ وەکوژێنێ... بەڵام حەیف و مەخابن بۆ عەشرەتی کێلەسپیان وەدەزانن عیشق و خۆشەویستی بە خسوس بۆ میر و کەیخودایە!... ئەوان چ ئاگایان لەوەی نییە کە دارا و پارەوپووڵ، دیوەخانی پەرداخ و پۆشتە لە حاست ئاشقی ڕاستەقینەیدا وەکی بەفری زستان دەتوێتەوە. ئەوجار؛ کێوی کێلەسپیان دەئامێزم گرەو پشتیوانم بە، مامە من خاوەن غوڵام و قۆشەنە، ئەمنیش ئەتۆ و گەر و مارم هەن... دە ئامێزم گرە و بۆ خۆم بەتاقەتم... بنۆڕە، زەبری دەست و بازووی سیامەند چ دەکا!... دەبێ کارەك بکەم ببێتە بەیت و بالۆرەی

دیوەخانان... میر، میرە، ئەمنیش سیامەندی ئاشقم...

[تاریکی]

**خەج:**

[بە تەنیایە] سەمەرەیە، کاری ئەو دنیایەی گەلەك نالەبارە... سەیرە، لە هەر بنەماڵەیەکیدا، کیژەکی جوان و خوێن شیرین وە دەربکەوێ داخوازیکەر وەکی گەڵایە داران بەسەریدا دەبارێن!... بەڵان ئەمن پەیمانی خۆشەویستیم دەگەڵ سیامەندی بەستووە، کەچی هەر لە ناکا، گەندەپیاوەکی خوێن تاڵ و ڕەزا گرانم وەکی شمـڵـی شەڕ لـێ پەیدا دەبێ... بەخوای بە شەرعی خوا و پێغەمبەرانیش، خۆشەویستییە حەرام نییە، دەگەڵ وەش لە چارە ڕەشییە من، نەفرین لە ئەوین دەکرێ... ئەوجار... ئەمن چ بکەم، چ بکەم؟!.

[تاریکی]

**حیکایەتخوان:**

گەلی دە برادەران... دەنگوباسی جوانی و چەڵەنگیی خەج شارە و شار و عەشرەتا و عەشرەت ڕۆییی.. باسە دەنگ خۆشیی، باڵایە بەرزی، گەردنە کێلی، قامکە وەك شمشاڵی، چاوە کاڵ و لێوە ئاڵی... دەگەڵ وەش شۆرەتی خانەوادەی باب و برایانی لە سەرانسەرە وڵات و هەندەراندا، دەنگی دابووەوە... داخوازیکەر هێندە زۆر بوون. هێندە زۆر بوون، لە ئەژمارە نەدەهاتن.

[تاریکی]

**مەمەند:**

[لەگەڵ بینەران] ئەمن مەمەندی جەوهەردارم. بۆ خۆم کاسبەکی خەراپ نیم، دراو و پوولەکی باشم هەن. لە بازێڕیدا لە سەرە دوکانە خۆ ڕۆدەنیشم فرۆختم گەلەك چاکە!. ئەوجار کیژەکی ژیکەڵەی وەکی خەج بۆ ئەمن نەبێ، بۆ کەسی تر ڕەوا نییە، نا بەخوای!...

ئێ خۆ بابە منیش چ لە بابە خەج دەستەخوارتر نەبووە، دەمەكساڵیشە لە دوورەڕا ئارەزوویە خەج دەکەم... بەڵام چ بکەم، کەس لە دەروونە من بە ئاگا نییە، تەنانەت خەجیش بەوەی نازانی... چ قەیدییە، چ قەیدییە، با خەجیش ئەمن نەناسێ، گرینگ وەیە ئەمن مەیلی ویم هەیە... ئەرێ وەڵڵا... باوەڕی ناکەم خەج بە ئەمن قایل نەبێ...نا، چونکا باب و برایانی هێندەکی بۆ ئەمن حەز دەکەن... ئەوان تڕوتفاقەی ئەمن دەگەڵەخۆ دەیهێنمە ئیروکانە ناو و شۆڕەتی گونداو گوندی ڕۆییوە!... بە خوای برایانی خەج هێند دڵیان چووبووە سەر ئەوان کەلوپەلەی ئەمن دەگەڵە خۆ هێنابوومە ئیروکانە، وەختابوو گەشکە بگرن... ئای دەبەرت مرم خەج... ئەرێ وەڵڵا، داخۆ کەنگێ بێ دەئامێزت گرم... تەحا..

[لای ڕاستی خوارووی شانۆوە ڕادەوەستێ].

**میرزا:**

(دێتە ژوورەوە] دەکو؛ لەو کارەساتەی [لەگەڵ بینەران].. بەخوای وەبزانم چ حاجەت نەکا ناو و شۆرەتە خۆ بۆ ئەنگۆ باس وەکەم... چونکا ئەمن قەدەرێکی دوور و درێژە ئەوقاتم... لە سەرانسەرە وڵاتیدا ناو و شۆرەتم ڕۆییوە.. بۆ خۆم جحێڵم، گەلێکم پێ ماوە، ئەگەرەچی پارە و پوولەکی زۆرم نین، بەڵان سەوادێکی چاکم

هەن... لەبخۆم خوێندەوارم.. شارەزایە دابە عەشرەتم..

... ئەوجار بەخوای چ دیوەخانەکی بەبێ میرزایان ڕەونەقی نابێ.. ئیتر خۆ دیوەخانە بابانە خەجیش لە بابە شێخی بەولاوە چ خوێندەوارێکی تری تێدا نییە، ئەویش لە حاستە من حەرفەکی نازانی...

ئەمن دەڵێم خەج حەلاڵ و زولاڵە خۆمە.. بەخوای جینایەتەکی گەلەك گرانە بدرێتە هەتیوەکی بێ سەواد، تەنانەت نەتوانێ غەزەلێکی پێ هەڵبڵێ. [گەرووی پاك دەکاتەوە].

خەج جەوانە، خەج قەشەنگە.

کیژەکی ئاغر و چەلەنگە.

دارایە، دەوڵەمەندە.

ئەمن ئاشقی، دا.. دا.. پووڵ.. دا [بۆی تەواو ناکرێ].

**مەمەند:**

[لێی ڕاست دەبێتەوە] دەکو.. نا، نا، لە کەنگێڕا جەنابت بوویتە ئەوقات و خـــــاوەن سەواد و غەزەلخوان... هـا.. میرزا عەباسە ئەوقاتی؟! گۆتمان هێندەکی ئەوقاتی بەلاّن ئەتۆ و عیشقێنی؟!.. نا بەخوای.. ئەتۆ بەچتەوە داخوازییە خەج دەکەی؟.

**میرزا:**

ئەمن؟.. ئەمن بە عاقڵ و ماریفەتەوە.. ئەنگۆ وە دەزانن ئەمن چ پارە و پوولەکم نین؟... هەمن، هەمن، بەخوای وەزع و حاڵە من گەلەك لە ئەتوو چاترە...

**مەمەند:**

دەزانم، چاك دەزانم، بەلاّن ئەتۆ چ حەیات بەخۆ نییە، ئەوە چەند

جارانە دەنێریتە داخوازییە خەج؟! ها..؟ شەرمت شکاوە، شەرمت شکاوە، چت پێ شوورەیی نییە، نا بەخوای!.

**میرزا:**

کەوایە، ئەنگۆ دەزانن ئەمن لە مێژەڕا عاشقە خەج بوومە؟.

**مەمەند:**

بەڵێ، بەڵێ..

**میرزا:**

ئەوجار کە وەی دەزانی، حەیایە ناکەی هاتوویتە ئێروکانە و قسەیە زل زل دەکەی؟... بنۆڕە، بنۆڕە فەسڵەکی ئەمن ئەوقاتە بابانە خەج بووم. ئەنگۆ لە پشتە بابە خۆتدا نەبووی.

**مەمەند:**

[بە گاڵتە پێکردنەوە] ئەوقاتەکی گەلەك چاك بووی. وەنییە؟.... ئەمن وەم بیستووە فەسڵەکی ئەنگۆ دڵتان چبووە سەر خەج، لە هەندەرانڕا هەر پیاوەکی مەزن بهاتایە ئێروکانە و داخوازییە خەجی بکردبایە، ئەنگۆ متەقتان لە دوو لێوی نە دەهات، گەلەکیش پێتان خۆش بوو خەج ببیتە ئاوسەری وان کەسانە... دوو سێ جارانیش بۆ خۆت داخوازیکەرت بۆ هێنایە ئێروکانە.. بە خوای دڵداری هەروەی دەبێ... تەحا...!.

**میرزا:**

چ قەیدییە، بەس نییە ئەوان پیاوانە خاوەن سەواد بوون... بەڵان ئەتوو، میرە وات دەهێنا داخوازی شیاکەت لە قوونیان هەڵسوونایە، دەچوونە نێو گاڕانی و دەیان بۆڕاند!.

مەمەند:

بەخوای بێ عاقڵی، ئەمن قەتی نەمدەویست ئەوان میرانە لە ئەمن نیگەران بن، چاکیشم دەزانی خەج بەوان کەسانەی قایل نابێ.

میرزا:

گەلەك چاکە، خوا یا رەبی، دەبیە پێ خەسووی میرانیش.

مەمەند:

ئەمنیش وەکی ئەنگۆ، کەمەکیش شەرم بتگرێ... دەنا...

میرزا:

دەنا... چی، دەنا چ دەکەی؟.

مەمەند:

چ خەراپە پێت دەکەم.

میرزا:

چ ڕێت دەکەوی... هەی [پەلاماری یەکتری دەدەن].

حیکایەتخوان:

گەلی دە برادەران، ئەوی کاتەی مەمەندی جەوهەردار و میرزا عەباسە ئەوقاتیی خەریکە مشتومڕێ بوون لە سەرە خەجی خەجانێ... داخوازیکەری تر پەیدا دەبوون وەکی گەڵای دارانێ.

یەکەکی لە هەمووان ڕەشیدتر و مەزنتر، لە هەمووان پشت و پەنادارتر، خاوەن قۆشەن و قەرەواش، خۆشەویستە ماڵە بابە خەج دەهاتە گۆڕێ سەرەکی عەشرەتی دەزۆزانێ... بۆ وان بێ ئاقڵانە دەهاتە مەیدانێ.

[ونبوون]

**[میرزا و مەمەند بەردەوامن لەسەر مشتومڕی خۆیان... میری زۆزان لە بەشی سەرەوەی شانۆوە لێیان پەیدا دەبێ].**

**میر:**

شتاقتان نەبزوون.. بەخوای چاکە، ئەوە چتانە، چ قەوماوە؟! شەڕ و دەعوایەتان لەسەرە چییە؟!.

**مەمەند:**

قوربان... ئەمن مەمەندی جەوهەردارم..

**میر:**

[بە گاڵتە پێکردنەوە] ماشائەڵڵا، ئەدی کوا جەوهەرت؟

**میرزا:**

قوربان.. ئەمنیش..

**میر:**

ئەتووش، میرزایە ئەوقاتیی لەمەڕە خۆمانی.. قەیدی نییە.. شەڕ و دەعوایە ئەنگۆ چییە؟

**میرزا:**

قوربان بەخوای زەینت ڕوونە، ئەوە چەند ساڵە لێك بڕاوین کەچی دەمناسییەوە... قوربان، دەعوایە، مە، لە سەرە خەجی خەجانییە.

**میر:**

[بە تووڕەیییەوە] نا ؟! ئەنگۆ چ حەیاتان بەخۆ نییە.. چ شەرمێ ناکەن لە خەجێ دەدوێن، سەرەڕای وەش، لەسەر وەی دەعوایە دەکەن، مەگەر نازانن میرە زۆزانی لە مێژەڕا ئاشقە خەج بووە؟... بنۆڕن، تا میرە زۆزانی بایە سەرزەمینی لێ بدا، ئەنگۆ چ ڕێتان ناکەوی باسە خەج وەکەن...

خەج، کیژە مەزنە مالانە، شایەنی وەیە لە قەلاتی وە ژووری خەم و لەسەر تەختەکی ڕۆنیشێتن... کەنیزەك و غولامان و تەواوی قەرەواشی خزمەتی وەکەن... خەج لایەقی میرەکی وەکی ئەمنە!!..

**میرزا:**

[ڕوو دەکاتە مەمەند] ها... ئەوجار چ دەڵێی؟!.

**مەمەند:**

چ دەڵـێم؟! دەڵـێم گـەلـەك چـاکـە، ئـەرێ وەڵـڵا خـەج هـەر لایـەقـی خۆیەتی.

**میرزا:**

بەلان ئەمن، ئەمن هەروا بەسانیی دەست لە خەجێ هەڵناگرم... نا بە خوای!!.

**میر:**

ئەتوو، تا ئێرە چت کردووە قەیدیی نییە، بەسەرە بابم چیی تر لێت قبوول ناکەم... ئەوی ساڵەش وەبەرە گویم کەوت ناردبووتە داخوازییە.. گۆتم، قەیدی نییە، نەفام و کەم ئاقڵە...

**میرزا:**

قوربان... ئەمن نەفام و کەم ئاقڵ نیم، لە کێلەسیپاندا لە بابە شێخی بەولاوە کە کەمەك سەوادی هەیە، کەس لە ئەمن ئاقڵتر نین... ئیتر خەج، مەخسووس بۆ ئەو قاتەکی وەکی من گەلێك کەیفی دێ.

**میر:**

ئەتوو لە ئەوقات و سەوادی گەڕێ، گەڕێ [تووڕە دەبێت] ئەتوو بەدوو حەرفان وەت لێ هاتووە بەربەرەکانێی ئەمن دەکەی گەلەك چاکە.. ئەمن بەبێ ئاقڵ دەزانی؟!.. ئەتوو.. ئەتوو سەردەمەکی

میرزایە دیوەخانێ من نەبووی، ئەمن نەمکردییە ئەوقات، چەند جاران نەمناردییە هەندەران؟! وێستاش دوو سێ مەنقەڕت بە خۆتەوە دیتووە، وەدەزانی کارت تەواوە.. وە نییە؟.

میرزا:

قوربان، عیشق شەرمی لە کەس نییە نە بەخوای...

مەمەند:

تەحا... عیشق! [گاڵتەی پێ دەکا].

میر:

عیشق؟ کامە عیشق؟ ئەگەر ئەتوو هێندە ئاشقە خەج بووی. بۆ ئەوی ساڵەی لە گەرمەسێریڕا داخوازیکەرت هێنایە ئێروکانە؟.

میرزا:

قوربان؛ ئەمن نەمهێنا، نا بەخوای.. بۆ خۆیان هاتن، دوایی پەنایان وەبەرە من هێنا.. ئەمنیش دەبەرە حەیایە خۆم ڕەگەڵیان کەوتم... دەشمزانی خەج بەوان پیاوانەی قایل نابی... ئیتر ئاقڵیش هەموو دەم میوانە پیاو نییە!!.

مەمەند:

بەخوای چاکە، عیشق هەرەوی دەبی... تەحا..

میرزا:

ئەرێ بەخوای گەلەك چاکە. چ قەیدی هەیە، پیاوە بە زیبك و زرنگ دەبی ئاگایە لە حاڵە خۆی بی، دەنا تیای دەچی [ڕوو دەکاتە میر] قوربان حاڵە منیش، حاڵە ئەنگۆیە، بۆ خۆشتان ئەوی ساڵەی لە خزمەت ئاغایە مازەندەرانی بەرێ کەوتی و هاتیە داخوازیی چ عەیبی تێدا بوو؟! نا بەخوای، بۆ خۆیشم بوومایە هەر وەم دەکرد، بەڵان ئەتوو [ڕوو دەکاتە مەمەند] ئەتوو هەر لەوەی خەریکی لە

دڵە خۆتدا عیشقبـازی بکەی.. دەبـەرت مرم ئـەرێ وەڵڵا!!

میر:

وێستـا، لـەوانـەی گـەڕێن.. ئـەوی چـوو، چـوو... وەکـی بـیستـوومـە هـەتیوەکی پسمـامی خـەج، دەگەڵە خـەج کەین و بـەینی هـەیە، فریـایە خۆ نەکەوم کـار لـە کـار ترازاوە [ڕوو دەکاتە میرزا].. هـەر بـەڕاست ئـەتوو نیـازت چییە؟!.

مەمەند:

فەرمـایشتەکی گەلەك بـەجێیە: نیـازت چییە؟ هـا..؟.

میرزا:

نیـازە من وەیە، بچمە داخوازییە و بڕۆ بـەخێرچی...

مەمەند:

[بـە گـاڵتـە پـێکردنـەوە] موبـارەکە. ئـەرێ وەڵڵا گـەلەك موبـارەکە... تـەحـا.. لـەوی ئـاقڵەی.

میر:

دەچیتە داخوازییە؟؟!! هـەر وەی؟!.

میرزا:

ئـەدی، ئـەی گۆیە چی؟.

میر:

ئـەدی سیـامـەندی چ لـێ دەکەی؟.

میرزا:

لـەوی گـەڕێ، گـەڕێ، سیـامـەندەکی منداڵ، بۆنی شیری خـاو لـە زاری دێ لـە حـاست ئـەمندا چ ڕێی دەکەوێ قسـان بکـا!.

**میر:**

چاکە. بەڵان کە ئەمنیش لە گۆڕێ بم ئەنگۆ دەتوانن چ بڵێن... بنۆڕە، بنۆڕە، بە هەموو حیسابەکی خەج ئی خۆمە. بە قەرەواش، بە پوول، بە عەشرەت و خانەوادەی، ئێی بۆ خۆیشم گەلەکم بە بەرەوە ماوە، ئیتر ئەوی متەق بکا زمانی دەقرتێنم، چما.. ئەمە، چین لێروکانە!؟.

**مەمەند:**

بەخوای بابم، خەج هەر لایقی ئەنگۆیە.

**میرزا:**

قوربان.. ئەتوو، نیگەران مەبە، کەوایە دەچینە ماڵە بابە خەج و پرسیار لە خەج دەکەین، ئەوجار، بزانین بە کێ قایل دەبی!!.

**میر:**

چاکە، ئەمن سازم.

**مەمەند:**

قوربان نەکەی: میرزا ئەوقاتەکی گەلەك بە دەم و گفتە، بە دوو قسان بابە خەج قایل دەکا.

**میر:**

میرزا، میرزا، لەوان کارانە گەڕێ، ئەمن چ هەقم بەوەی نییە خەج قایل دەبی، یان نا... پێم گۆتی خەج ئی خۆمە و بڕاوە... وێستاش دەگەڵم دێیە داخوازییە، چاکە، دەنا بەسەرە بابم دەتکەمە پەندی پسان... دواجار ئۆباڵە خۆت بە ئەستۆیە خۆت.

**میرزا:**

چاکە، بەڵان قوربان ئەگەر بە قسمەت جەنابت نەبوو، ئەوجار بۆ خۆمی دەخوازم.. چاکە؟!.

**مەمەند:**

بە قسمەتی دەبی، بەخوای ئی خۆیەتی، کەسی تر ڕێی ناکەوی خەجی خەجانی دەئامێزی گریّ!!.

**میر:**

کوو بە قسمەتە ئەمن نابی؟! ها... ؟!.

**میرزا:**

دەڵێم، وەکی جارانە، دی...

**میر:**

ئەوان جارانە، سەرودەمێکی جودا بوون، وێستا سیامەندی لە گۆڕێیە دەگەڵ ئەوەش، ئەنگۆ دەگەڵم دێنە داخوازییە، بابیشی بۆ ئەمن گەلەك کەیفی دیّ [ڕوو دەکاتە میرزا] ئەتوو بە قسان هیچت نەهێشتووە، بزانم چ ئاقڵ و ماریفەت لە هەگبەتدا هەن چۆن دەیخەیە کار؟!.

[ڕوو دەکاتە مەمەند] ئەتووش...

**مەمەند:**

[قسەکەی پیّ دەبڕیّ] قوربان بۆ خۆم دەزانم چ دەکەم.

**میر:**

ئەوجار بە پشتیوانە خوا و پێغەمبەران دەچین و هێندەکیش ترۆتفاقم ناردووە بۆ وان جحێڵانە... بۆ خۆم دەزانم کوڕوکاڵە کوێستانی کێلەسیپانی بە وان ترۆتفاقەی گەلەك دڵیان دەکرێتەوە..

**مەمەند:**

هەی دەبەرت مرم میری زۆزانیّ؛ بەخوای کار هەر لایەقە ئەنگۆیە.. فەرموو.. فەرموو، وەپێشمان کەوە.

**میرزا:**

نـەء، ئـەمـن وەی بـەچـاك دەزانـم لـە پێشدا دەمڕاستـەكی بنـێرینـە خزمەت بابە خەج و هێندەكی قسەی لێ بكا، ئەوجار بۆ خۆمان دەچین.

**میر:**

ئەمن دەڵێم نەفام و ئاقڵی [تووڕە دەبێ] چما نازانی بابە شێخی لە دیوەخانیدا كاری چییە؟.

**مەمەند:**

ئەی مەمەند بە غوڵامت بێ بۆ ئاقڵ و ماریفەتت... ئەرێ وەڵڵا... تەحا!.

[تاریكی]

**حیكایەتخوان:**

ئێی جەماعەت تا ئێرەمان گەیاند. با، ڕیزێك چاییمان بۆ بێنێ و ئیسراحەتێكی بۆ بكەین [ڕوو دەكاتە بینەران] فەرموو ئێوەش پشوویەك بدەن.

[هۆڵ ڕووناك دەبێتەوە]

**حیكایەتخوان:**

ئێی جەماعەت، با دەست پێ بكەینەوە... باشە من لە ئێوارەوە بەیت و باڵۆرەتان بۆ دەخوێنمەوە، كەچی ئێوە بە چاك و بە خراپ قسەیەكتان نەكرد، ئێ خۆ دەبێ ئێوەش شتێك بڵێن!.. باشە، بە مەزەنەی عەقڵی ئێوە خەج بە قسمەتی كامیان دەبێ.

**دانیشتووی (١):**

[ بە هەموو توانایەوە، بە تەپڵەكەكەی بەردەمیدا دەدا] هەی

سیامەندە و براپەوە.

**دانیشتووی (٢):**

نە بەخوا... میرزا لە هەموویان شەیتان، بۆیە خۆی لەگەڵ میر چەمەلغ کردووە شتێکی لەژێر سەردایە.. من عەقڵم بێ هەر ئەو دەتوانێ خەج تەفرە بدا.

**دانیشتووی (٣):**

نا، نا.. کەستان بۆی نەچوون، سیامەندێ بەو سەرچڵییە و ئەمانیش بەم تێفکرینەوە بە قسمەتی هیچیان نابێ، بە قسمەتی هیچیان نابێ.

**دانیشتووی (١):**

کەوابوو، بە قسەی جەنابت خۆشەویستیی هیچ قیمەتی نییە.. وا نییە؟!!.

**دانیشتووی (٣):**

نەخێر جەناب، قیمەتی هەیە، بەڵام سیامەند نازانی چۆن پێی بگا و کەی پێی بگا، جەنابیشتان بە ئاوەژوو لە مەسەلەکە گەیشتوون.

**حیکایەتخوان:**

کاکی خۆم! خۆ من کفرم نەکرد.. نەموت دەست بدەنە یەخەی یەکتری واز بێنن، با بزانین بەیتەکە خۆی چی دەڵێ [دەست بەخوێندنەوەی کتێبەکە دەکا].

لە هەر جێیە، داستانی عیشق و ئەوین پەیدا بووبێ.

[تاریکی]

**ئاسنگەر:**

[هەمان دیالۆگ لە دەمی – حیکایەتخوان – وەردەگرێ].

لە هەر جێیە، داستانی عیشق و ئەوین پەیدا بووبێ،

لەجێ ژوانێ.

دڵدارەکان، پەیمانە خۆشەویستییان مۆر کردبێ.

ئاشق دڵی لە مشتە دولبەر خستبێ.

کەیخودایەك، مەزنە پیاوەك، پەیدا بووە.

بۆ مەرام و نیازە خۆی زەماوەندی ساز کردووە.

«هەر وایە و هەر وەها بووە».

ئای بۆ خەجی هەش بەسەری، کوێن لەبەری.

ئەوە هاتووە میر زۆزانێ.

خەجی داماو پێ نازانێ.

بابە خەجیش، بەپێی دابە عەشرەتی.

کەسی بە چاتر نازانێ.

ئای بۆ سیامەندی، چارە ڕەشی، کێی بۆ هاتووەتە مەیدانێ

ئەوی مەزنەی بە قرۆشان خەج دەستێنێ و نیازی وایە،

بیکاتە بووکە زۆزانێ.

ئای کە دژوارە، وای کە دژوارە

[تاریکی]

[دیوەخانی ماڵی باوکی خەج، باوکی خەج لەلای سەرووەوە دانیشتووە، لە دەستە ڕاستیەوە میر و مەمەند، لەلای چەپیەوە میرزا دانیشتوون بابە شێخ و برایانی خەجیش هەندێك بەپێوە و هەندێکیان لەسەر چۆك دانیشتوون].

**بابە شێخ:**

فانکحوا ما طاب لکم من النساء مثنی وثلاث ورباع و...

**باوکی خەج:**

[قسەکەی پێ دەبڕێ] بە خوای ئەمن لە حاستی شەرعی خوا و پێغەمبەراندا چ قسانم پێ ناکرێ، بە خسوس، میر، بۆ مە، لە هەمووان نێزیکترە، نامەخوا لە هیچی کەم نییە.. کیژە ئەمنیش لایەقی پیاوەکی وەکی وییە. هەیوام وەیە لە سایەیدا خەنی بێ.

**بابە شێخ:**

ئینشائەڵڵا ئینشائەڵڵا هەر وەی دەبێ.

**مەمەند:**

[هەڵدەستێ و دەستی باوکی خەج ماچ دەکا].

**میرزا:**

[بە نا بە دڵییەوە] موبارەك بێ، خوا چاوی بە ڕەحمەتی لە ئەمنیشەوە بێ، بەرامە دڵە خۆم ڕابگەیەنێ.

**بابە شێخ:**

ئامین... ئامین، خوا موبارەکی بکا لەسەرە خێر، بە کوڕوکاڵە جوان و ئازا و ڕەشید. بە سلامەتی سەرە هەمووان.

[تاریکی]

**حیکایەتخوان:**

گەلی دەبرادەران، سیامەندی تەنێ باڵ، بێ پشت و پەنا، بێ کەس و بێ دەرەتان، لە حەسرەت ئەوی کارەساتەی وەختابوو لێك بێتەوە، چ بکا؟ دەگەڕا، بیری دەکردەوە، دەیگوت:

[تاریکی]

**سیامەند:**

[بە تەنهایە]خەج دڵخوازی ئەمنە، بە کەسی تر قایل نابێ... وەم لێ هاتووە گومان وەبەم.. بڵێی خەج بە پارە و پوول فریو بخوا و ڕەگەڵ کابرایەکی ملهوڕ کەوێ؟.. باوەڕێ ناکەم!!.. بەڵان هەرچۆنێك بێ دەبێ خەج بۆ ئەمن بێ.

[تاریکی]

[جێ ژوانی خەج و سیامەند]

**خەج:**

چاکە، بەڵان چۆن؟ ئەتوو دەڵێی چ ئاگایەت لە وەزع و حاڵە ئەمن نییە!.

**سیامەند:**

ئەمن؟! ئەمن خەو و خۆراکم لەتاو ئەتوو لێ حەرام بووە، ئەتووش وەدەڵێی؟.

**خەج:**

ئەدی بۆچی دەنگی ناکەی، تا بزانم مەعلیجەمان چییە؟

**سیامەند:**

مە، پەیمانە خۆشەویستیمان بەیەك داوە، تازە ماڵە بابت لە حاستی مەدا هیچیان پێ ناکرێ.

**خەج:**

سیامەند، وەدیارە چ ئاگایەت لە وەزع و حاڵ نییە.

**سیامەند:**

تێ ناگەم، لەوی بێ دەنگییە چ حاڵی نابم... نا بەخوای!.

**خەج:**

ئەدی، نەتزانیوە، بابم بە مێری دام؟ [دەگری].

**سیامەند:**

چۆن؟ چی؟ چی؟.

**خەج:**

میرە زۆزان، بە پارە و پووڵ برایانمی قایل کرد و ئیتر کار براوە.

**سیامەند:**

ئای لە منت نەکەوی سیامەند، ئەوجار چ دەڵێی؟!.

**خەج:**

ئەمن چ بڵێم: چ دەسەڵاتم نییە، ئەمن بوومە سوورە گەنم و سمەوەژ لەنێو بەرداشاندا بە هەمووان دەمهاڕن. ئەتووش لە حاست ماڵە بابم و میرە زۆزانی چت پێ ناکرێ.

**سیامەند:**

پێم دەکرێ، بەخوای قەستەم ئەوی ڕچەیەی دەشکێنم.

**خەج:**

چاکە. چ دەکەی؟.

ئەگەر ئەتوو بەڕاست دڵخوازە ئەمنی، ڕەگەڵم کەوە... ها چ دەڵێی؟.

**خەج:**

[ڕادەمێنێ] سازم...

[تاریکی]

**حیکایەتخوان:**

شەو درەنگ بوو. تاریکی باڵی ڕەشی بەسەر ئەو ڕێزەی زەرد و دەشت و تەلانە کەسك و ڕەنگینەی کێلەسپیاندا دەشکاندەوە.. دنیا

تەواو خامۆش بووبوو... هیلاکی و شەکەتیی ژیان، ئادەمیزادی دەئامێزی خەونێکی قورس و گران گرتبوو.. تاك و تەرا دڵدارانی نێو عەشرەتی بۆ جێ ژوانی دوڵبەرانیان خۆیان دەکوتا... لەو دەمەیدا و لە بێ ئاگایی ئاوایی سیامەندی ئاشق ڕووی لە کێوی کێلەسیپان کرد...

گەلی دەبرادەران... سیامەند بەڕاست ئاشق بوو، دڵدارێکی چالاك بوو، ڕۆڵەی مەیدان و شێرە ژیان بوو... ئەوی دڵدارە مەزنە ئاور لە دڵی بەربووبوو، بەڵان ئاورێك بە هەموو تین و تاویەوە بەتەنێ دڵی ڕووناك دەکردەوە و بەس، تەنانەت بستەکی لە بەرپێی ڕۆشن نەدەکردەوە... ئەو دەیویست دابە عەشرەت بەسەر یەکدا تێکوپێك بدا. وەی دەزانی بۆی دەلوێ بە دەست و بازووی خۆی بگاتە مەرام و خەج دەئامێزیدا خەنی بکا.

سیامەند ڕۆیی و خەج ڕەگەڵی کەوت، چەند تەلان و شاخ و دۆڵ و نشێویان هەڵبوارد.. سیامەند دەیویست لە سنوورە دەسەڵاتی ماڵە بابە خەج بە زوویی دەرباز بن، ئەو نیازە وەی بوو قسەی خۆی بباتە سەر، بۆیەکا داوای لە خەج دەکرد.

[تاریکی]

**سیامەند:**

خەجی گیانەکەم، دەترسێم ماندووبی؟.

**خەج:**

چما قەتی ڕووم لە کێلەسیپانی نەکردووە؟!.

**سیامەند:**

نا، نا، ئەمن وەناڵێم، بۆ خۆم چاك دەزانم کارمامزە ئەوی کێو و

تـەلانـەی، هـێنـدەم دەوێ هـێزوگوڕ بدەیـە خـۆت و هـێندەکـی پـەلـە بکەی.

**خەج:**

وەدیـارە هێشتـا لـە حـاڵە خـۆت دڵنیـا نـی؟!.

**سیامەند:**

بەخوای گەلەك دڵنیام، ئەمن وەم دەوێ، بە زوویی لە سنوورە دەسەڵاتە ماڵە بابت و میرە زۆزانی دەرباز وەبین... دەروارێکی دەڕوێن و قەدەرێکی چاك خۆ ون دەکەین، ئەوجار ڕدێن سپییەکی دەدۆزینەوە و دەینێرینە کن بابت و قایلی دەکەین، ئیتر خۆ ئاشکرا دەکەین و دەگەڕێینەوە... ئەوجار بنۆڕە، چۆن دەنێو عەشرەتیدا بنەماڵە و خانەوادەیەکی پێکەوە دەنێین و چەند کوڕوکاڵە جەوان و رەشید پێ دەگەیەنین...

خەجێ، کەمەکی ئۆقرە بگرە، بزانە چۆن داستانە ئەمە دەبێتە سەرگوزشتەی عیشق و ئەوینی ڕاستەقینە و هەموو کات بەسەر زارە خەڵکییەوە دەبێ!.

**خەج:**

ئەمنیش وەم دەوێ، بەڵان...

**سیامەند:**

بەڵان چ؟!.

**خەج:**

بەڵان، هێندەکی بەئاگا بە... دنیا تاریکەشەوی ئەنگوستەچاو، ئەتۆش هێند بە پەلەی، دڵم ختوورەی دەکا...

**سیامەند:**

مەترسێ، پیاوە ئاشق چ باکی لە تاریکەشەوی ئەنگوستەچاو نییە، سەرەڕای وەش ئەمن ڕۆڵەیە ئەوی کێو و تەلانەم... خەجێ، هێندەکی خێرا بە، بە پەلە بە، بە پەلە... [لە بستویەك هەڵئەدێرێ و بەسەر لکی دارەبەنێکەوە دەگیرسێتەوە هاوار دەکا]... خەجێ بەئاگا بە، پێ لە شوێن پێی ئەمن نەنێی، ئەمن هەڵدێرام وە دیارە کارم کراوە.

**خەج:**

[لە سەرەوە هاوار دەکا] سیامەند، سیامەند...

[بە گۆرانییەوە].

سیامەندی، پسمامی گیانی گیانەکەم.

لە بخۆم سەرگەرانی گەراڵێ، دڵماوێ هەژارێ.

سەبارەتی بەتو جحێڵێ کرمانجێ شۆڕەسوارێ.

سەری خۆم هەڵدەگرت، چل برام بەجێ دەهێشت لە هەوارێ.

بڵێم ئەوی برایانەم چییان لێ بێ، دەگەڵ ئەوەی دەگەڵ ئەزی ڕەنجەڕۆیان دەهێنایە کارێ.

[تاریکی]

**حیکایەتخوان**

ئێی گەلی دەبرادەران، ئیتر سیامەند بەسەر لکی دارێوە شۆڕ بووبووەوە، هەموو گیانی لە خوێنیدا شەتڵ و شەلاڵ دەبووەوە.

لە زاری دەبرینی خوێن فیچقەی دەکرد.

دیسان بەو جۆرەش خەجی لەیاد نەدەکرد.

بۆیە بەو دەنگە خۆش و دڵنشینەی تێی هەڵدەکرد.

[تاریکی]

**سیامەند:**

[بەسەر لکی دارە بەنەوە گیان دەدا]

خەجێ گیانەکەم، ئەتوو بە چاوی بەڵەکەوە مەگری و فرمێسکان هەڵمەوەرێنە، تا ئەزی کۆڵەواریش نە ناڵم.

چل پەلی دە دارەبەنی، لە گیپاڵم بوونەوە بە زاڵم.

بەندی دڵم، هێندەی بە برینی خۆم شەکەتم، دوو هێندەش بە گریانی تۆ، بێ پاڵ و شەلاڵم

[تاریکی]

**خەج:**

هەی سیامەندە گیان، سەبارەتی بەتۆ سەری خۆم هەڵدەگرت پشتم لە سیپانی وەردەگێڕا.

چم دەزانی، ماڵە تۆ وێران دەبێ، بابانی خەجیش وەقورِ دەگیرا.

کوا ئەوەم وەبیردا دەهات، کە سیامەندی، ئەو لاوە ئازایە لە،

پلە پلەی سپیانی هەڵدەدێرا.

دەك کوێر بام و نەمدیبای سیامەندە، ئەو حاڵەتەی لەوێڕا.

[بابی خەج و میر و بابە شێخ و میرزاومە مەندو برایانی خەج دێن]

لەمن دیارە ئەوا سوار و پیادە دێن بە هەژمارە.

چ یەکە، چ سەتە، چ هەزارە.

هیچی نەهاتووە دەردی خەج بکا چارە.

جا منیش بکەومەوە دەستی ئەوهانە، چ ناحەز و نابەکارە.

برام هاتووە یەکە

سەرتاپێی کینە و چەکە

[برای یەکەمی دێ]

برام هاتوون دوونە

خەنجەریان دەسوونە

لەبۆ گرتنێ من هاتوونە

[برای دووەم و سێیەم دێن]

برام هاتوون سێنە

هەموو شمشێر پێنە.

بۆ گیانی من دێنە.

[برای چوارەم و پێنجەم و شەشەم دێن]

برام هاتوون چوارن

تەواو لێم داخدارن

لە گرتنی من هارن

[برای حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم دێن]

**میر:**

ئادەی کورگەل، بە سیپانیدا هەڵگەڕێن و ئەوی بێ ئابڕووەیم بۆ وەدەست خەن.

[چەند برایەکی خەج دەکەونە خۆ بۆ گرتنی].

**خەج:**

نەکەن براینە، نەکەن. شتاقتان لە دووم نەیەن....

**برایانی خەج:**

[بەگشتی]

فتوایە بابە شێخییە.

ڕەگەڵ کەوتن دەگەڵ مسکێن

شوورەیییە.

لێت ناگەڕێین، لێت ناگەڕێین، لێت ناگەڕێین.

**خەج:**

ئەوجار ژیان بۆ چییە، گیان بۆچییە.

بەخوای نایەڵم بێژن خەج ماوە و ئاوسەری.

میرە زۆزانییە.

سوێند بێ بە جوانیی و چاکیی

بەتۆ ڕۆڵەی ئاو و خاکی

بە خۆشەویستیی و جوانیی

بە ڕۆژی لە ئاسمانی

بە ئاوە ڕوونکەی کانیی

بە چاکی کەسکەوانی

بە سوورە گەنم و نانی

دڵدار هەر تۆم خودانی

[تاریکی]

**حیکایەتخوان:**

سەروەختەکی، برایانی هەنگاویان ڕووەو کێوی دەنا. هەر بەو نەزمەیش، خەجی خەجان بەرەو هەڵدێر ملی دەنا.

نیازە وایە خۆی هەڵدێرێ

دابە عەشرەت هەڵتەکێنێ

دژواره گەلەك، دژواره

وەسڵی عاشقان دژواره.

**دانیشتووی (١):**

دژواره، دژواره، دژواره، بەخوا باوکم دژواره.

**دانیشتووی (٢):**

ئینجا توخوا، بۆ میرزا بوایە، بەم مەرەیە دەچوو.. نەبەخوا..

**دانیشتووی (٣):**

چی قەوماوە [ڕوو دەکاتە حیکایەتخوان] ئەنجامێکی خۆشت لێ نابیسترێ، هەر لەم چایخانەیەدا، شیرینت مران، خاتووزینت فەوتان، ئەوە ئەمشەویش خەریکی خەجیش بە مەرەی ئەوان دەبەی.. بەسە، نامانەوێ چیتر گوێمان لە سەرگوزشتەی ناکامی دڵداران بێ!!.

**حیکایەتخوان:**

[ڕوو دەکاتە بینەران] ئێوە دەڵێن چی؟ قایلن بە هەڵدێرانی خەج..؟!.

**بینەری (١):**

.......

**بینەری (٢):**

.......

**بینەری (٣):**

.......

**حیکایەتخوان:**

دیارە بەم کوتوپڕییە بۆتان نابڕێتەوە، شەویشمان درەنگ کرد، ئەگەر بەم بەیتانەی منیش ڕازی نین، بفەرموون خۆتان بەیتێك دانێن ئاکامی خۆشتر بێ.

**دانیشتووی (٣):**

[لەگەڵ بینەران]

ئەگەر بە دڵ مەبەستتانە

خەجی شەیدا هەڵنەدێرین.

با هەموومان عاشقی بین.

ئاگری خۆشەویستیی ئەو، لە کەلێنی دڵماندا بێ و، گوێچکەی بیری بە ئاگاشمان، بۆ سەرگوزشتەی ناکامی ئەو دوو دڵدارە ڕادێرین.

خەج کیژێکی دەروون و دڵ فراوانە

خەج کابانی مسکینانە

خاتوونێکی ئەمەکداری هەژارانە


خەج دولبەرێکی شەیدایە

هەتا ئێستاش،

چاوی لە ڕێی سیامەندێکی وریایە.

[ڕووناکی]

١٩٧٧/١٠/ ١٣،١٢



عبیدالله ایوبیان

«به کوردی بیت بلیم لیم مه گره ایراد»
«دیناری شوانی ویلسه، آله کوکه»

از

نشریۀ
دانشکدۀ ادبیات تبریز

سال هشتم
بهار سال ۱۳۳۵

بررسی و تحقیق زبان و ادبیات کردی
((چریکەی))
خج و سیامند

Barzhawand u lêkolhînaway zəmān u hêzhā-wêzhî Kurdî
Cərikay
**Xaj u Syâmand**

چاپخانۀ شرکت سهامی چاپ کتاب آذربایجان

بەرگی یەکەمی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکە، کە (عبیداللەی ئەیوبیان)

کۆی کردووەتەوە و بەچاپی گەیاندووە.

Etude et recherche sur la langue et la littérature Kurde

et

L'épopée

KHADJ et SYAMAND

par

O. Ayoubïan

# REVUE
# DE LA
# FACULTE DES LETTRES
# DE
# TABRIZ

Huitième année printemps 1335 ( 1956 )

بەرگی دواوەی کتێبەکە

## cərikay(xaj) u (Syâmand)

1 . « Xaj » kîzhekî kalhagat' câw - balhak ' kulhmay sur u səpî ' gardən-kêl ' zhîkalha ' xön Shîrən ' dang - xosh ' hatâ bəlhey dəlh - gər , jwân - câk . kazyay Lul u cîn - cînî ba sar pəsht u shânânî dârəzhâwa' broy kawâna' kapoy jawâna dəmknlh u lêw qaytâna . barxababay wak sewî shaq pər u xəra mamkî tund u turtî' le gön hanârî Halhsho le sar sîngı le bən kəräsewa ' dyâry dadâ .

2 - « SYÂMAND » jəhelhekî jawân ' tâza peg . yəu ' kurta - bâlhâ ; mûrash ' zor âzâ u dastawaker bu la mə - ndâlhewa ' rhâ la bar kasî dânadanwând ' zâr ba pêkanîn blhâm bagər u la saraxo ' jwân - bədöe ' dang - xosh ' râwk - arêkî tund u tolh u swâr - câk ' wəryâ rolhay maydânî shar u harâya ; dəlhî kawtəbo sar ( xaj )e pasmâme xoy .

3 - (xaj ) cəl brây bu hamû dîrâ u das - royəw . ( Syâ mand) îsh hazhâr u na - dâra . dîsân ( xaj )îsh dəlhî ba (Syâm - and)e - wa bu bab u bərâkânî ( xaj ) e ( xajäne ) dayänawîst kicyân (xaj)e bədan ba kurhî pyâweki ' gawra u mazna-mâlh u new - badarawa . (xaj) xoshawîsty dây u bâb u brâyânî bu ba hamu kasyan nadadâ .

4 - ( xaj ) u ( syamand ) la sâwäy u məndälhê - wa - rä p awa gawra bun paywandekî sâwâ u sadây nîzîkî mənâlhî ' yakdî - gîr - bunî xəzmâyateyan , bəbo hoy way : tâ cəkolh bun . bayakawa dacuna gap u gâthta u gâranî ' kew u talânân . tâ gawra - bun ' Pegayən u « xoyän nâsî' bonî kurh . u kəce - têyân kərd » u lek halhbrhân .

5 - ( Syämand ) dagalh kúrh - galî dey daco kâr u kör - vare ewârân dagarânawaydâ capka gulhêkî bon - xosh u cal - angî la (Gazizän) la ( Wanawshän ) u gulhî -

لاپەڕەی یەکەمی بەیتەکە بەپیتی لاتینی

## چریکەی ″خەج″ و ″سیامەند″

١– خەج کیژێکی کەڵەگەت، چاو بەڵەك، کوڵمەی سووروسپی، گەردن کێل، ژیکەڵە، خوێن شیرن، دەنگ خۆش، هەتا بڵێی دڵگر، جوان چاك، کەزیەی لوول و چین چینی بەسەر پشت و شانیدا ڕژاوە، برۆی کەوانە، کەپۆی جەوانە، دەم کوڵ و لێو قەیتانە. بەرخەبەبەی وەك سێوی شەق، پڕ و خڕە، مەمکی توند و تورتی لەگوێن هەناری هەڵشۆ لەسەر سینگی، لەبن کراسێوە، دیاری دەدا.

٢– سیامەند جحێڵێکی جوان، تازە پێگەییو، کورتە بالا، موو ڕەش، زۆر ئازا و دەستەوەکەر بوو، لە منداڵیوەڕا لەبەر کەسی دانەدەواند، زار بە پێکەنین بەلام بە گڕ و لە سەرەخۆ، جوان بدوێ، دەنگ خۆش، ڕاوکەرێکی توندوتۆڵ و سوارچاك، وریا، ڕۆڵەی مەیدانی شەڕ و هەرایە، دڵی کەوتبووە سەر ″خەج″ی پسمامی خۆی.

٣– خەج چل برای بوو هەموو دارا و دەست ڕۆییو ″سیامەند″یش هەژار و نەدار. دیسان ″خەج″یش دڵی بە ″سیامەند″یوە بوو. باب و براکانی ″خەج″ی خەجانیێ دەیانەویست کچیان ″خەج″ی بدەن بە کوڕی پیاوێکی، گەورە و مەزنە ماڵ و نێو بەدەرەوە. خەج خۆشەویستی دای و باب و برایانی بوو بە هەموو کەسیان نەدەدا.

٤– ″خەج″ و ″سیامەند″ لە ساوایی و منداڵیوەڕا پێکەوە گەورەبوون پێوەندێکی ساوا و سادەی نزیکی منداڵی، یەکترگیربوونی خزمایەتییان بووبووە هۆی وەی: تا چکۆڵەبوون، بە یەکەوە دەچوونە گەپوگاڵتە و گاڕانێ و کێو و تەلانان. کە گەورەبوون، پێگەیین و «خۆیان ناسی، بۆنی کوڕی و کچایەتییان کرد» و لێك هەڵبڕان.

٥– سیامەند دەگەڵ کوڕگەلی دێی دەچۆ کار و کوێرەوەری، ئێواران

دەگەڕانەوەیدا چەپکە گوڵێکی بۆنخۆش و چەلەنگی لە گازنان لە وەنەوشان و گوڵی دەجوان جوانی دەچنی کە بەرەو دێ دەبووەوە. زۆرجاران لە ڕێی کانی بەرمالان تووشی ″خەج″ی دەهات و بە خەجێی دەگوت: «.. ها.. هێندەکان دەبەرۆکێت خە و دوو سێیەکانیش لە جیاتیی گوارەی دەگوێچکان کە».

٦- ″خەج″یش دەگەڵ. پۆلی کچان، نەشمیلان. ئاسکۆڵان دەچۆ ″گێلاخە″ و ″مەندۆکێ″، دەستە دەستە، پۆلی کوڕان و کچان، بە داوێنی ئەو شیو و دۆڵانەوە، وەردەبوونەوە، کوڕان بەلایەکی دۆڵێوە، کیژان بەلایەکی ترەوە؛ دەستیان دەکرد بە گۆرانیی و ″لاوژە″ و ″بالۆرە″یان بە یەکتر هەڵدەکوت.

٧- لەنێو کچاندا خەج لە هەمووان دەنگ خۆشتر بوو. ″سیامەند″یش لەنێو کوڕاندا لە تەواویانی چاتر دەگوت. لە ″گۆرانیی″ و ″بالۆران″ زۆرتر، یەکتریان دەهەنگاوت.

٨- خۆشەویستیی ″خەج″ و ″سیامەند″ی لە حەوش و کۆڵانێ، لە گاڵتەوگەپێڕا هەڵبوو، سەرەدای داگیرسا، دەگەڵ تەمەنی ئەو دوو خونچە نەمامە ساوایانەدا، لە باوەشی خۆڕسکاوی زەنویر و دڵگری ″کێلەسیپان″دا، پەروەردە کرا. هەستا، گوڕ و هێزی گرت ئاوری دڵداری لە کەلێنی دڵی ″خەج″ و ″سیامەند″یدا کراوە.

٩- ″خەج″ و ″سیامەند″ چەندێکی یەکتریان خۆش ویست، لە ئاتەگی ڕیزەی دەزردی، لە داوێنی کەڤی و نوالان، لەنێو بەردان، مێرگ و زەمەند و شینکە و ″گولالان″، لەبەر سێبەری دارە ″بەن″ و ″شۆڕەبی″ بە ڕۆژ و بە نیوەڕۆ، بە شەو و بە نیوەشەو، لەبەر تریفەی ئەستێران و پرشنگی مانگەشەویدا، لەو جێیانەی بەدییان دەکرد دەچوونە ژوانی یەکتری: گەرمی کوڕ و کاژێ دەبوون، ڕاز و نیاز و خۆشی و بۆشییان دەکرد.

١٠- دەیانڕوانییە دڵنیایی و کامڕاوەییێ، سۆزی و بیر و بەرژەوەندییان تەنیا لە دەوروبەری وەی خول دەدا: کەنگیێ پێك دەبڕێن؛ ئاواتیان ئەوە بوو، ببنە ئاوسەر.

١١- "خەج" لە ماڵێدا سۆسە و هەستی وەی کردبوو کە باب و براکانی. پێیان زانیوە کە دەگەڵ "سیامەند"ی کەینوبەینیان هەیە؛ نەشیاندەویست بیدەن بە "سیامەند"ی. خەج لەو دەنگ و هەنگەی "سیامەند"ی ئاگا کرد، کوتی: «باب و براکانم نامدەن بە تو!» چ بکەین؟..

١٢- "سیامەند" گوتی: «ئەگەر ڕەگەڵم دەکەوی چارە ئەوەیە هەڵێت گرم و دەروارێکی دەڕۆین، خۆ ون دەکەین دوایە خۆ ئاشکرا دەکەینەوە و پیرە پیاوێکی ڕدێن سپی و چەند مەزن و کەیخودایان دەنێرینە ڕەدایە». "خەج" دەڵێ: «ئەگەر ئەتۆ دەخۆت ڕادەبینی، ئەمن گەلێك حەز دەکەم و دەگەڵت دەکەوم».

١٣- ئێوارەی بەهارێیە، ئێوارەی بەهاریێ؛ "کێلەسیپان"ە سەری ئێوارێیە، دوای بارانەی؛ کوڵکەزێرینەی بەحەوایەوە لەلای ڕۆهەڵاتێوە دەرەنگێنێ و دەترووسکێنێ. خۆر بە ئاسمانی پیرۆزەی "کێلەسیپان"ەوە بەرەو ڕۆئاوا بووەتەوە. تیژکەی زێڕینەی بەسەر ئەو ڕێزەی زەرد و دەشت و تەلانە کەسك و ڕەنگینەی "کوردستانی"دا دەڕژتەوە.

١٤- پنجی "وەنەوشە" و "خاوی"، "هەڵاڵ" و "سوێسنێ"، "لاولاو" و "بەیبوونی"، تێکولێك هالاوە. زەویوزار و کەژ و کێو سەریان وەك باخی پەرێژی "بەهەشتی" ڕازاندووەتەوە.

کراسێکی گوڵ گوڵی کەسك و سوور، زەرد و ڕەنگینیان دەبەر ڕێزەی دەچیا و زەردی "کێلەسیپان"ی کردووە.

١٥– كزە و سۆزەی شەماڵی سەر لە ئێواریٚ لەلای شیو و ڕووباریٚ بە هارژن و شنە شن دیٚ؛ گەڵاو گڵۆکی دار و درەختان وا لارولەنجە دەخا و دەیانشنێتەوە «ژێنێتەوە»، گورژنی بای پرچ و کلکی دەسماڵ و کۆڵوانەی کیژۆڵان، کابانی مەزنە ماڵان وەك ئاڵای پیرۆزی بەختەوەران، وە لارەولار و فرکە فرك، دەخا و دەیشەکێنێتەوە.

١٦– بۆنی خۆشی ئەو هەموو گژوگوڵانە بە دەم باوە؛ گیانەوەر و ژین دەبەری مەست دەکا. بەشوێن قاسپە قاسپی کەوی ″مەڵاس″ لە دۆڵێدا کە دەنگ دەداتەوە، سەری ″باز″ و ″سەقر″ و ″هەڵۆیان″ بۆ ئەویٚ نێچیریٚ شێواوە. شەپۆلی ″سیرەی″ ″هەڵۆیان″ چریکەی ″بازان″ مووی پیاوی ڕاست دەکاتەوە.

١٧– شوان بە کێوێوە. ڕێبوار بەڕێوە، بەرەو ماڵ دەبوونەوە... ها... ڕۆئاوا بیٚ و نەبیٚ: ″سیامەند″. ″خەج″یٚ هەڵدەگریٚ و دەڕۆنە سەر چیایە. ئەویٚ شەویٚ ″خەج″ی دلبەر و ″سیامەند″ی دلێر لە یەك دوو بستووکەڵکان ئاوا دەبن دەگەنە گروێکی سەخت، لەویٚ لە پەسیوو هەشرگێکیدا، لەبەر پرشنگ و تریفەی مانگەشەویٚ ڕای دەبوێرن.

١٨– شەو دەزرنگێتەوە ″خەج″ خەوی دیٚ سەر دەکاتە سەر ڕانی سیامەندی و دەنویٚ، تا ڕۆژ دەبێتەوە، سیامەند نانویٚ، شەویٚ بەبیٚ خەویٚ ڕۆژ دەکاتەوە، هەر چاودێرە و ئاگای لە دەسگیرانیەتی، نەوەك نەکا هەی، لە پڕرا ئاهویەك، گیانەوەرێك، دەحبایەك زیانێکی بە سوورە گوڵی ″خەج″یٚ بگەیەنیٚ.

١٩– سیامەند گەلێك بە دڵنیایی، زۆر بە سەرخۆشی، دوور نوێنی ژینی پاشەڕۆژی دەگەڵ ″خەج″یٚ لێك دەداوە، یان دەکەوتە سەر بیری وەی کە هات و لە ناکاو تووشی باب و براکانی ″خەج″یٚ بوو چۆنیان دەگەڵ ببزوێتەوە. ڕێوشوێنی کرمانجەتی بگرێتەبەر و ڕدێن سپییەکی بنێری،

لەو زەرد و ماهی و ڕەوەزەی کەس نییە.

٢٠- چ بکا؟ بیّ قسە و سەرەدا، بەرەنگاریان بیّ، دەس بدا؟ چۆن دەبیّ؟ نابیّ. ڕۆژ بووەوە، گزنگ لە سەردانیدا، وڵات ڕووناك بوو "خەج" لە خەویّ هەستا. "سیامەند" زۆر شەکەت بوو، گوتی: "خەج"یّ ئەوجار ئەمن سەرخەویّکی دەشکێنم. شەوی ڕابردوو هیچ نەنووستووم. جا، ئەوجار هەڵدەستین دەڕۆین.

٢١-"خەج" ڕانــی دانــا و "سیامەند" سەری ویّ کـــرد. خەج دەستی بە کاکۆڵی "سیامەند"ی دا دەهێنا و لەژێر لێوانەوە، بە وردە نارنارۆکان بە "سیامەند"ی هەڵدەگوت، تا خەوی "سیامەند"ی شیرن بیّ.

٢٢- لە ناکاو چل و یەك کەڵی کێوی[1] لە دوور و نزیکیان پەیدا بوو. کەڵێکی گچکەی لەڕ و لاوازیان لە نێودا بوو، کەڵەگایی "زۆری" لە هەموو کەڵەکانی تر دەکرد، دەچۆ بە ڕەوەی هەمووان، سمکۆڵی دەکرد، هەر چەلەی شەقۆنی لە یەکێکیان هەڵدەدا.

٢٣- "خەج" چـــاوهـــاوێژی خۆڕسکاو، دیـــمـــەن و سەیـــری شەڕی کەڵەکێوییانی زۆر پیّ خۆش بوو، سووکێکی پەنجەی "سیامەند"ی کوشی، کوتی «بەخۆی گوت»: هەستە "سیامەند" سەیری کەڵەکێویان ببینە. "سیامەند" ڕاپەڕی گـوتـی: چییە؟ کـە ڕوانـی، سەیـری کەڵە کێویانی کرد «گومانی وەبرد کە "خەج" ترساوە و پەشێوانە لەو کارەی کردوویەتی».

٢٤- بەهۆی نیشاندانی شەڕی کەڵەکێوییان، ویستوویەتی، ڕابگەیەنیّ، کـە ئـەتوو "سیامەند" وەکـی ئـەو کـەڵـەباریکە گچکەت لێهاتووە، دە بەرامبەر چل کەڵیگەورەدا کە مەبەستی براکانی بیّ.

٢٥- "سیامەند" گوتی: بۆ چیت ڕاپەڕاندم؟ تازە چاوم گەرم کردبوو. هەر

١. هەشت کەڵێش هاتووە - ئەیوبیان -.

لەبەروەی بوو؟ پێت وایە چل برات هەیە، دەتوانن زۆرم لێ بکەن، ئەوەی بزانە، وەك ئەو کەڵەگچکەی، دەگەڵ هەموو براکانتم پێ دەکرێ.

٢٦– ئەگەر بڕواشم پێ ناکەی ئەوە ئەز چووم و ئەو کەڵەگچکە زۆردارەی دەکوژم و سەری وی بۆ تۆ دێنمەوە. پاشان ئەگەر کەلاکم خست و سەری ویم بۆ هێنایەوە دەگەڕێمەوە سەر براکانت؛ دەمبینی، پێم دەوەستن، یان نا.

٢٧– هەرچی "خەج" هاوار و دادی کرد: "سیامەند" وە نییە، وەرە، مەڕۆ! با بڕۆین سەری خۆمان هەڵگرین، دڵم بۆی ناچێ مەڕۆ. "سیامەند" پڕی دا "تیروکەوانی"، "گەروماری" ڕۆیی[١].

٢٨– تیرێکی هاویتێ هەنگاوتی، وەسەر یەکی گێڕا و خستی، ڕای کرد و کەوتە سەری بیکوژێتەوە "سەری ببڕێ" و بۆ "خەج"ێی بهێنێتەوە، دەسەر بڕینیدا کەڵێگچکەکە، دەست و پەلی لێك دەدا، سەری وا ڕاوەشاند وەپێی "سیامەند"ی کەوت. "سیامەند" هەڵخلیسکا، هەڵدێرا کەوتە سەر پۆڕی داران و دارە بەنێ، پەلی دەتیژ تیژی لك و پۆپێ دارە "بەن"ێی دەلەشی هەڵچەقین، جا "خەج" کە ئەو کارەساتەی وا وەبەرچاو کەوت بەسەری خۆیدا دەدا و دەیکاتە شین و ڕۆڕۆ[٢].

٢٩– بوهارە، بوهارە، لە هەموو کەس شادییە لە دڵی "خەج"ی نەبێ، سەرشینێ مل بە کوێنێ، بابان وێرانێ، هیچ کەس نەماوێ.

ئەمن زەینی خۆم دەداوە لە ڕیزەی دەزەردی، چل کەڵی کێوی دەهاتنە خوارێ، بە محاڵی دەچێشت هەنگاوێ.

---

١. شینگی گەروماریش هاتووە.

٢. هەتا ئێرە گۆرانیبێژ هەروا بە قسە دەیگێڕێتەوە، تاکو "خەج" بە "سیامەند"ی هەڵدەڵێ، "گۆرانیبێژ" دەنگی لێ هەڵدێنێ و بە هەوای تایبەتی دەیڵێ. –ئەیوبیان–.

سمکۆڵیان دەکردەوە، لە گوڵی "هەلاڵێ"، "بەیبوونێ"، "سوێسنێ"، بەوسەریدا سمۆڵکان هەڵیان دەپساندەوە، ڕەگ و پووکی، پنجی دە "خاوێ".

٣٠- ئەمن پەنجەی "سیامەند"یم دەکوشی، دەمکوت، باب و برا گەلی من، گەلێکیان کوێرەوەری داوەتێ، هەستێ سەیری کەڵەکێوییان ببینێ خەم و تالاّییێ، لە دڵی خۆی دەرباوێ.

٣١- ئەمن پەنجەی تۆم دەکوشی بە هەنگی دە پەنجە کوشانێ، نەمدەزانی، بە قسەی منی، بابان وێرانێ ڕە دڵت دەنیشێ کینێ دەگەڵ ئەوی گومانێ.

های، کەڵکەڵەت دەکەوێتەوە لە هەناوێ.

٣٢- ئەمن پەنجەی تۆم "سیامەند"ە دەکوشی نە بە هەنگی دەرەشەراوێ. هەرام دەکردێی، گیانەکەم، دەستی منت داوێن بێ دەست مەدە تیروکەوانی "گەرومای"؛ لێرە، لەو هێنگاوەیدا گۆشت نێچیرم لە تۆ ناوێ، چم دەزانی کەڵکەڵەت ڕە دڵی دەکەوێ دەگەڵ نەکاوێ.

٣٣- هەی خوا، کەڵی گچکە، بەر کەسەر نەکەیت، کورتە تەمەن بی، بکەویە ڕێزەی دەپیتە بڕاوێ.

سمکۆڵی دەکرد، لە شینگەی دەگیا «خاوێ».

٣٤- "سیامەند" دەستی دەدا، پنەو پەلەپیتکەی دە تیروکەوانی، هەرام لێ دەکردەوە پیاوی چا بە مەی هاوێ.

شرینگەی لە "شینگی گەرومار"ی دەهات لە خەڵگەی چەپێ کەڵەگچکەی دەداوە.

تیژگی تیری، لە کەلەکەی ڕاستی، سەری هەڵدەداوە.

کەڵیگچکەی دەگەر دەڵی تۆزی وەردەداوە.

٣٥- دەبەری دابوو، کێردێکی تیژی دەسك ماسی، خاسە رەنگی رەچڵەی موکریانی، لە گەردنی کەڵی گچکەی دەناوە.

هەی خوا، کەڵە پیسە، کورتە تەمەن بی، بەر کەسەر نەکەی کەڵیگچکە دەست و پەلانی لێك دەدا، سەری رادەتەکێنیٚ، ماڵە من کاول بیٚ لە کاکە "سیامەند" دەداوە.

"سیامەند"ی هەڵدەخلیسکاند لە پلەپل و ڕێزەی "دەسیپان"ێی هەڵدەداشت و لە پەڕەی دەبەردانی بەردەداوە.

٣٦- هەی کوێنم لەبەر "سیامەند"ە، زگت دەکەوتەوە چل پەلان[1] پەلی دە دارە "بەن"یٚ، "هەبە نووس" و سلۆك و "بناو"یٚ.

هەزار خۆزگەم، بە نەخۆش و دەردەداری، ئی دە تر لەبن سەریانە جامولکە، جامولکەی دەشیر نە بەفراویٚ.

٣٧- دەکو؛ لە بۆت نەمێنم ئەتۆ قومان دەدەیەوە لە شەپۆلی دەخوێناویٚ.

هەزار خۆزگەم، بە نەخۆش و دەردەداری مرۆی دە تر، ئەگەر بە جوملەی ساڵەوە دەکەونەوە لە نوێنیٚ،

بەس نییە هۆز و کەسی خۆیان لەبن سەرینیٚ.

چازانانیان بە دراویٚ لە سەرو و خواریٚ، بۆ دێنیٚ.

مەڵحەمیان داوێنەوە سەر زاری دەبرینیٚ.

دەکو! لە بۆت نەمێنم ئەتۆ قومان دەدەیەوە لەنێو شەپۆلی سووری دە گەشە خوێنیٚ.

٣٨- مەناڵە "سیامەند"ە مەناڵە، گیانی گیانی مەناڵە.

کاری خودێیە بە کەس نابێتەوە بەتاڵە.

٣٩- "سیامەند" بەسەر لکی دارێوە شۆڕ بووەتەوە هەموو گیانی دە

---

١. لە هەندێك چریکاندا "٤٤"، لە یەك دوویەکانیشدا ٤ هاتووە.

خوێنیدا شەتڵ و شەلاڵە، لە چل زاری دەبرینی خوێن فیچقەی دەکا وەك جۆگەی، خوێنی لێ دەتکێتەوە[1].

دیسان بەو جۆرەش دەبیر و خەمی "خەج"ێ دایە. بەو دەنگە نەرم و خۆش و دڵنشینەکەی تێی هەڵدەکات، وەلامی "خەج"ێ دەداتەوە و دەڵێ:

"خەج"ێ توخواکەی، بە چاوی بەڵەکەوە مەگری و فرمێسکان هەڵمەوەرێنە تا ئەزی کۆڵەواریش نەناڵم.

چل پەلی دە دارە "بەن"ێ لە گیپاڵم بوونەوە بە زاڵم.

"خەج"ێ شەنگێ، سوور و سپی، تاقە ئەستێرەی ئاسمانێ.

سوورە گوڵم، بەندی دڵم هێندەی لەبەر برینی خۆم شەکەتم، دوو هێندەش بە گریانی تۆ، بێ پاڵ و شەلاڵم.

٤١– هەی خوا "خەج"ێ، باب و برات خواگیر بن ئەو ساڵ، حەوت ساڵە، داخواز بە گەردنێکی کێل و بەژنێکی تێل و ئەو هەنییەی دڵ ئەنگێویێ وەکو مانگی زەلاڵم. یەکەمین نەیاندەهێشت ببیەوە بە خۆشەویستم. دوانیەتی هەر بە هاوسەر و هەواڵم.

سێیەمی بە کینەوەری و ئەوبەر ئەوبەری و دووبەرەکیی خزم و کەسانم وێرانە ماڵم.

وێستاش پەلی دە دارە "بەن"ێ "هەبەنووس"ێ، "سلۆك"ێ و "بناو"ێ، کاریگەر بوونەوە لە جەرگم، وەی لە هەناوم بوونەوە بەزاڵم.

٤٢– "خەج" دەڵێ: "سیامەند"ە پسمامی، گیانی گیانەکەم، لە بخۆم سەرگەرانی گەراڵێ، دڵماوی هەژاوێ.

---

١. بەندی ٣٩ پەرکەیە هەڵبەست نییە، گۆرانیبێژ هەروا بە قسە دەیگێڕێتەوە. –ئەیوبیان–.

سەبارەتی بە تۆ جمێلی کرمانجی شۆڕەسواریێ.

سەری خۆم هەڵدەگرت، چل برام، بابم بەجێ دەهێشت لە هەواریێ.

هەی خوا! ئەو برایانەم بلێم چییان لێ بێ؟ دەگەڵ ئەوەی دەگەڵ ئەزی ڕەنجەڕۆیان دەهێنایە کاریێ.

٤٣- هەی لەبەرئەوەیێ دەنا پیرۆزە دژواریێ.

دەنا ئەوەندەیان بیر و ژیر نەبوو تێبگەن، ئەز ئەتۆم خۆش دەویێ؛ "خەج"یێ باباناوێرانت، بدەنێ و لێ گەڕێن ببیەوە سورسەری دەزەمەندان و لێرەواریێ.

٤٤- مەناڵە، مەناڵە سیامەندە مەناڵە. دڵشکاویێ مەناڵە.

تا ڕۆژی هەستانەوەی بە گیانی «سیامەند»ی «خەج»یێ سەرگەران و گەڕاڵە.

٤٥- «سیامەند» دەڵێ: «خەج»یێ گیان توخواکەی بە ڕووی سوورەوە و گیپاڵی دەژیکەڵە و چەڵەنگەوە، مەکە ڕۆ ڕۆیە.

ژان و ئێشی گولووی دەبرینم بەجێی خۆی. داخی هەرەگرانم دووری لە بالای تۆیە.

داخ و دەردی دەگرانم باخچۆڵەکەی ئاواتمان دەبینم گەلێ گەلێ، شەمزاو و بۆژۆیە.

ئاورێکم بەربۆتەوە، دە جەرگ و دلی، لە هەناوم هەڵدەستی، بۆ چڕوك و بۆ سۆیە.

٤٦- «خەج» دەڵێ: هەی «سیامەند»ە گیان، سەبارەت بەتۆ سەری خۆم هەڵدەگرت پشتم لە «سیپان»ی وەردەگێڕا.

چم دەزانی، ماڵی تۆ وێران دەبوو بابانی «خەج»یێ وەقوڕێ دەگیرا. داخوا چ بەدکارێکی چاوپیس، چاوی پێ هەڵهێناوین، پێمان هەڵکالا

و تێمان (وەگیرا) دەهەنگێرا.

ئەمن چوزانم کەڵی گچکە پەیدا دەبێ لەوێرا.

پێ کۆڵێ دەکا لە پنجی ئەوان، گوڵانەی جوانی بۆنخۆشی کەسکە زەنوێرا.

٤٧- شرینگە "تەقە" لە شینگی گەروماری دەهات کەڵی گچکەی وەسەر یەکدا، گێرا.

کوا ئەوەم بە بیردا دەهات کە "سیامەند" ئەو لاوە ئازا و رازایە لە پلە پلەی "سیپان"ێ هەڵدەدێرا.

دەك کوێر بام و نەمدیبای "سیامەند"ە ئەو حاڵاتە لەوێرا.

"سیامەند"ە گیان، ئەمن تەمام بوو، هەرۆینەوە زارگەڵی دەگەڵێیان، داوێنی دەکەڤی و نواڵان، هەنگاوی بەرفراڤێنی کە سوور دەچنەوە گوڵە شلێرا.

٤٨- "سیامەند" گاز دەکا: وای! لە من "خەج"ێ، وای لە من، توخوا "خەج"ێ، بەوسەر و رووی سوورەوە بەسە، مەکە هەی رۆ و گریانێ.

میهر و چەمبری خۆشەویستیت لە دڵما تاکو مرانێ.

ئاورێکی بەردامەوە لە هەناوێ: نە بە گورژنی شیبای نیوەشەوێ دەکوژێتەوە، نە بە پریژگە پڕیشکی دەبارانێ.

بۆ چرۆکێگم لە تەنی هەڵدەستێ، لە گوێن هەوری رەش، دەگرێتەوە کەلێنی ئاسمانێ.

٤٩- سینگ سپیلکەی نەرم و نۆڵێ، سوورەگوڵە ژیکەڵەکەم، "خەج"ێ جوانێ.

تاقە گوڵە بۆنخۆشەکەی زەرزای دەموکریانێ.

دەردی من دەردی دوو دەردە زۆر گرانە، بەخوا لێم وەراست گەرا؛

بەندی کوتوانە: «هەر دەردەدار بە دەردی دەردەدار دەزانێ».

"خەج"ێ گیانێ و[١].

گاز دەکا:

هەی ئەمان هەی ئەمان، لە بۆت نەماوم "خەج"ێ جوانێ. شۆڕە کابانێ، ئۆف. ئۆف.

٥٠- ئەوا ڕۆژم لێ وەستاوە بە محەلی دە چێشتانێ.

راسپێری خودێم هاتوونەوە سەری، بە هەنگی دە گیان کێشانێ.

ئاخ... ئاخ ئەمن چ بکەم، نەم ماوە مەودای دەسکردنەوەی جەنگەی دەخۆ ڕانانێ.

ئاخ دەستم ناگرێتەوە شینگی گەرومـاری چڕگەی خەنجەری دەبانێ.

لە بۆت بگرمەوە. سەروخواری ولاتی کرمانجەتێ و شەش دانگی دەکۆنە مەیدانێ.

هەراکەم نەتەوی و گۆڕدێرم کوانێ.

٥١- بە سواری لە پرتاوێدا قیلەوقاچ داکەین و بهەنگێوینەوە، لە دوورە و دووران نیشانێ.

یاخۆ سواری ماینێ موحەندەکێ، هەسپی شێ و کەحیلان بینەوە، هەڵکەینە سەر "تەرات"، "برین" و "دارجلیتێ" "تەقلە و ڕمبازێ" و بەربەرەکانێ.

یا بەربینە "زۆرەوانێ".

٥٢- ئەوجا کە هاتوونەوە سەیری: پیاو و ژنی دە دورناسی زۆزانێ، لاو و جحێڵی دەسوارێ؛ نێر و مێ جوانچاك و خورتی شارێ؛ زار و منداڵ تەواوی نیشتووانی هەرێم، و ولاتان؛ دەیاندیت ئەوان سەرکەوتن و

---

١. پشوویێکی دەخواتەوە.

دەرچوونی یەکە قارەمانی دەخاکی ″موکریانیێ″.

چ خەمم لەسەر دڵی نەدەبوو، بێجگە لە خەمی خۆشەویستەکەم، سوورەگوڵەکەم، بەندی دڵەکەم، یای ″خەجان″ێ.

٥٣- وێستاش توخوا ڕاسپێربێت لە زارگەلێ، لەسەر ڕێی بێریانم بنێژە بەسەرمدا دێ سێبەری زەردی دەگەڵ گرۆی پاك و بەڕێزی دەسپیانێ، ″نا دە کێلە سیپان″ێ.

حەوتەی چەند جاران، هەموو ڕۆژێ، بەیان و ئێواران، بە بۆنەی مەڕدۆشینێ ڕێت دەوێ دەکەوێ، یاخۆ بە بیانووی مەڕ خوێدانێ.

گوڵە ″گەزیزە″ و ″پەریزە″م لە دەوری شین دەبن، دێنە دەرێ لە تەنیشتم پنجی لەیلانێ.

دەستە خوشکان، کیژۆڵی شل و مل و چاوڕەش، گەردن کێل، شەمام لە باخەڵێ.

ئاسکۆڵە جحێڵەکانی، تەرز و ڕوێڵ، لە سەرم هەڵدەوەستن لێت دەپرسن: «گۆڕی –سیامەند–ی کێ هەیە؟».. وەرە پێیەکم لە سەرینێ دانێ.

توخوا ئەگەر جارێکم لە دەوری هەڵنەپەڕن، هیچ مردنێم لەبیر نییە، بێژە: گۆڕی ″سیامەند″ە ماڵ وێرانەکەی من ئەوەتانێ.

٥٥- ″سیامەند″ پاش کوتنی ئەو چریکانە بە پەلکی دارانەوە، دەستێکی هەر لەسەر گوێی خەنجەرێیە و بە دەستێکی تر پنەی ″شینگی″ بە سینگەوە گرتووە. ڕیزە ڕیزە دەینالاند، وردە وردە مەنگ و مات دەبێ، لەلایەکیشەوە براکانی ″خەج″ێ کە لە شوێنیان دەگەڕان، دووراو دوور، بە دەنگیانەوەڕا ناسیبوویاننەوە؛ هاتبوون دەیانبیننەوە کە لێیان نزیك دەبنەوە دەبینن ″سیامەند″ هەڵدێراوە بە پەلکی دارێوە بووە و ″خەجی″ش بە بستوویەکی سەختەوە بە باسکی چیایەوە لەسەر

بەردێکی، ڕووبەڕووی ″سیامەند″ی گیرساوەتەوە و شین و گابۆڕیەتی و بە ″سیامەند″ی هەڵدەڵێ: داد و ڕۆڕۆیەتی.

″خەج″ لە کن براکانی لە منداڵیوەڕا بە ڕوو تەنك شەرمێون بوو، دەگەڵ وەش براکانی پەیدا بوون خەج دەیناسینەوە؛ لەپێ هەڵگوتنێ بە ″سیامەند″ی نابڕێتەوە درێژەی پێ دەدا و گاز دەکا[1].

٥٦- لەبخۆم؛ خۆڵ وەسەرێ کوێن لە بەرێ، بابان وێرانێ، مەگین بەسەری خۆم دادەم بە دڵمەندی.

لەبخۆم بریوە دەکەم نێو گەلی زوراری، سۆران و لوڕ و رەوەندی.

پەیمان بێ بە پەیمانی دەمرۆیان پسمامێ ″سیامەند″ە قارەمانێ، کە ″خەج″ لە ڕەچڵەی کرمانجەتی بێ. دایکی نەیدۆڕاندبێ، پاش تۆ سەر وەکەس نەهێنێتەوە بن بەندێ.

هەی داد چلۆن نەکەم، دەکەم بەخوا گلەیی خۆم لە دەس″ کن″ خودێ. با ماڵە بابم بەبێ ″خەج″ و ″سیامەند″ی بچنەوە کوێستانەکەی دەسامرەندێ.

٥٧- ″خەج″ پشووێکی دەخواتەوە و دیسان گاز دەکا:

هاوارە ڕۆ ڕۆیە، هاوارە ڕۆ ڕۆیە، لەمنی ئاوارێ.

″سیامەند″ە یاخوا کوێر بم دانیشم بە کزی و هەژاری.

لەبخۆم بریوە دەکەم نێو هۆزی کرمانجەتی، زراری.

جا پاش تۆ چم لێ دێ لە ڕەنگی هەجەری؟

نەهاتیە دەنا بووك و زاوای وا چارەڕەش نە بۆ لە سەرتا بەپێی کوردەواری.

٥٨- ″خەج″ پشووێکی دەخواتەوە و دیسان گاز دەکا:

---

١. بەندی ٥٥ ″پەرکەیە″، ″گۆرانیبێژ″ هەروا بە قسە دەیگێڕێتەوە. -ئەیوبیان-.

″سیامەند″ سەری ″سیپان″ێ، لە من بەدارە و هەر بە دارە ″سلوك″ە.
داخوا کێ چاوی پێ هەڵهێناوین دەیهنگاوتین نەیدەویست خۆش ببن ئەو زاوا و بووکە.

٥٩- ″سیامەند″ە سەری ″سیپان″ێ بە دارە هەر بەدارە پڕ لە دارە.
لە من دیارە ئەوا سوار و پیادە دێن بە هەژمارە.
″سیامەند″ە گیان چ یەکە چ سەتە چ هەزارە.
هیچی نەهاتووە دەردی ″خەج″ و ″سیامەند″ی پێکەوە بکا چارە.
جا منیش بەتەنێ؛ بکەومەوە دەست ئەوهانە چ ناحەز و نابەکارە.
برام هاتووە یەکە، سەرتاپێی کینە و چەکە.
برام هاتوون دوونە، خەنجەریان دەسوونە.
لەبۆ گرتنی من هاتوونە.
برام هاتوون سێنە، هەموو شمشێر پێنە.
بۆ گیانی من، دێنە.
برام هاتوون چوارن، تەواو لێم داخدارن.
لە گرتنی من، هارن.
برام هاتوون پێنجن، گشتی لێم دڵڕەنجن.
دەمکەن ئەنجن ئەنجن.
برام شەشیان سوارن، زۆر تووڕە و بە دەمارن.
وەك بەهاروی دەمهاڕن.
برام هاتوون بە حەوتە، ڕمبیان لە دار ″کەوتە″.
چ بکەم بەختا مە کەوتە، کار هەموو بە هەڵکەوتە.
هەژدە برام دێنە، دەگەڵ هۆزی دێنە.

تیروکەوان پێنە، کارم مەرگ و خوێنە.

٦١- جا بەخوا، ئەوانەی دێن چ هو میر و گزیرن.

چ کۆمێل و ڕاسپێرن.

چ مێگەڵن چ نێرن، لێم خۆشن یا زویرن.

ناتوانن "سیامەند"ە گیان، تا پشووێکم مابێ، لە تۆم ببوێرن.

٦٢- کوێستانیی و خزم و کەسانی لە "خەج"ێ نزیك دەبنەوە، بەڵام "خەج" لە بستوێکی سەخت و حەستمە و بە بەردێکەوە گیرساوەتەوە، ئاوری دە دڵی بەربۆ کوڵی بۆ "سیامەند"ی هەستاوە.

کە کوێستانێکان دەگەڵ براکانی لێی زۆر نزیك دەبنەوە، "خەج" بەسەری خۆیدا دەدا، دەیکاتە شین و ڕۆڕۆ بەو دەنگە خۆش و ئاگرینەی تێی هەڵدەکاتێ: هەموو خەڵکەکەی وشك دەکا "مات دەکا" و لە جێی خۆیان ڕادەگرێ. بەو جۆرەی "خەج" گاز دەکات[1]:

٦٣- دەبڵێ گوێو لە من بێ: گەلی دەهۆزی، گەلی دەخوشکان، گەلی دە برادەران، گەلی دە کرمانجەتێ، گەلی سەرەوێڵێ.

ئەمن و "سیامەند" چەنمان دڵ بە یەکتری خۆش بوو، وەکو ئەوی جووت کەوی چیایە، سۆنە و بۆرەی ڕووبارێ کە دەخولێنەوە هەرەوێڵێ.

شاین بە خۆن بوو لە دێیانی ناوچەی، لە هەرێمی لەنێو کوڕگەل و کیژانی دەهەوار و خێڵێ.

چەندمان ئارەزووی دەشیرن شیرن دەکردەوە.

ئەوان شەو و ڕۆژانەی لە جێژوانان کە دەمانگۆڕێوە دەسرۆکە و ئەنگوستیلێ.

١. بەندی ٦٢ پەرکەیە، هەڵبەست و چریکە نییە، گۆرانیبێژ بە قسە دەیگێڕێتەوە. -ئەیوبیان-.

٦٤- ″سیامەند″ە، چەندە شۆخ و شەنگ بووی هەچی چاك بوو كورتەبالا،
كـەڵـەپـیـاوێ. رێت دەوەشاوە تـاژی و توولان «رەوەی دەتـــاژی و خـەلـدیـان» چـەقـڵـە سەمـایـان لـەپێش دەكردێوە، كـاتـی ئێواران كـە دەگەڕایەوە لە ڕاوێڕا، بە سواری دەكحێلێ.

٦٥- جا بڵێ پاش ″سیامەند″ی لاوی دەگورج و گۆڵی پڕ بڕ و ژیری وەك ئاسمانێ.

پەرێز و سوێری لە گوێن بەرزەكێوی دە زۆزانێ.

دڵێ دەریایە، لەپێ چەن بەرەلایە، لە پەخشانێ.

بەخوای چ شا و چ مەزنی نەدەگەیشتەوە، زیبك و شانی، ئەوی شۆڕە جحێڵێ.

كوێن لە بەرێ، خۆڵ وەسەرێ، لەو كاولە چیانەی، خۆی بۆ چی بێڵێ.

ئەوە منیش خۆ فڕێ دەدەم ″سیامەند″ە گیان بە دووتدا دێمەوە تا ژێر پەڕەی دەكێلێ.

٦٦- ″سیامەند″ە گیان، ئەزیش ئەوە خۆ فڕێ دەدەم:

سەرم شاخە بنم تات و گۆمە هەموو كەس بمكا گواژە و لۆمە.

لە جیهان ″دنیا″ێ و ڕۆژێ هەستانەوەی هەر ئی تۆمە.

٦٧- كـوێستـانـێكـان دەزانـن ″خـەج″یش سۆسە و ئـاوری خۆشەویستیی ″سیامەند″ی گرتوویەتی خۆ فڕێ دەدا، وە بستووی هەڵدەگەڕێن تا بیگرن، خەڵكەكە، براكانی هاواری لێ دەكەن:

- ″خەج″ دەزانێ تازە ″سیامەند″ كاری كراوە ناژی. دیسان گاز دەكات:

٦٨- هەی دە بڵێ، گەلی دە هۆزی، گەلی دە برادەران، گەلی دە خوشكان، كیژانی شەنگی دە زۆزانێ.

ئەو كچانەی چاو گەلاوێژ و دەست و پێ بە بازنە و خڕخاڵ و پڕ لە

گژنیژن، لە جوانەمەرگیّ من "سیامەند"ی یاد بکەنەوە؛ مەکەن شینیّ، فرمێسکان دە "هەڵ" مەوەریێنن، هەوا و زووخاوی هەڵمەڕێژن.

٦٩- ڕاسپێر بیّ، منیش لە (زارگەلیّ) لە تەنیشت گۆڕی "سیامەند"ە خۆشەویستەکەم ناکەمیّ جوانەمەرگیّ، بنێژن.

ئەو چیرۆکە تاڵ و شیرنە، بەسەرهاتی دوو جحێلی ناکامە، بیگێڕنەوە بۆ منداڵان، بۆ کوڕ و کچانی دە کرمانجەتییّ ببێژن.

ئەو دای بابانەی، کچیان بیّ دڵ دەکەن بەزۆری بە مێردیان دەدەن، تاڵیی ئەو هینگە «ڕەوڕەو»انە لە بارە بچێژن.

ئەو کچانەی ڕوودەکەنە گۆڕی دڵدێریّ، پێگەی ئەرك و ئەمەگی خۆشەویستێکی پاکژی و ئەحواڵانەدا بڕێژن.

دەبڵێن خۆشتر بژێتەوە و ڕاوستاو بیّ دابی بەرێزی خوازبێنی و کچ بە مێردانی کرمانجەتی بە دڵی کوڕ و کچانە «شوێنی دای بابانە» گەلیّ گەلیّ هێژاو لەمێژن.

٧٠- دیسان گاز دەکا:

جا ژیان بۆ چییە؟ گیان بۆ چییە؟

چۆن بڵێم ئەوەتانیّ ماوە، "خەج"ی "سیامەند" ییە.

بەخوای، خوای پاکی، بە یەزدانی ڕووناکی.

سوێندبیّ بە جوانی و چاکی، بە ڕۆڵەی ئاو و خاکی.

بە خۆشەویستی و جوانیّ، بە مەرگ و بە ژیانیّ.

بە ڕۆژی لە ئاسمانیّ، بە ئاوە ڕوونکەی کانی.

بە پیری کامڕانی. لاوۆ هەر تۆم خودانی.

بە چاکی کەسکەوانی. بە سوورەگەنم و نانی.

لە مرنیّ یا لە مانی، بیزانی یا نەیزانی.

بە ڕاستی و ڕەوانی؛ ″سیامەند″ گیانی گیانی، لاوۆ هەر تۆم خودانی،
لاوۆ هەر تۆم خودانی.

تا ماوم، ئەزیش بە دووتدا هاتم.

٧١– برایەکی دێ بیگاتێ ″خەج″ بە نێوی ″سیامەند″ی خۆی هەڵدەدێرێ و لە هەواوە گاز دەکا[١].

٧٢– تا ماوم بەتەماتم ئەزیش بە دووتدا هاتم؛ دەڵێم:

ژین و مردنم دەگەڵ ″سیامەند″ی شۆڕەشواری نەبەزی دە کوردەوارییە.

«پایان»

مەهاباد – ٢٥ گەلاوێژ ١٣٣٤ –ئەیوبیان– کرمانج

١. بەندی ٧١ پەرکەیە، هەڵبەست و چریکە نییە؛ گۆرانیبێژ بە قسە دەیگێڕێتەوە. –ئەیوبیان–.